گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1485 (PP 397-420)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.20

توێژینەوە

# بەربەستەکانی بەردەم توێژەر و ڕەنگدانەوەی لە توێژینەوە زانستیەکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

**ڕۆژان محەمەد ڕەشید/** بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی
**فوئاد عەلی ئەحمەد /** بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

## پوختە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە(بەربەستەکانی بەردەم توێژەر و ڕەنگدانەوەی لە توێژینەوە زانستیەکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان)،کێشەی توێژینەوەکە لەچەند پرسیارێکدا بەرجەستە بووە کە،گرنگترینیان بریتیە لەوەی(ئایا بەربەستە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی بەردەم توێژەر ڕەنگی داوەتەوە لە توێژینەوەکانی قۆناغی چواری بەکالۆریۆس بەشی ڕاگەیاندنی ئیواران و بەیانیانی زانکۆی سلێمانی وسەلاحەدین؟)،ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە کۆمەڵێك ئامانجی گرنگ,کە لە کێشەی توێژینەوەکە سەرچاوەیان گرتووە و ,گرنگترینیان بریتیە لە(زانینی ڕێژەی بەربەستە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی بەردەم توێژەر ڕەنگیدانەوە لە توێژینەوەکانی قۆناغی چواری بەکالۆریۆس بەشی ڕاگەیاندنی بەیانیان و ئیوارانی زانکۆی سلێمانی وسەلاحەدین),ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگیەکی بۆ ڕاگەیاندن و خوێندنی ئەکادیمی هەیە,گرنگترینیان بریتیە لە(دەست خستنە سەر برینێکی تری جەستەی ئەکادیمیای ڕاگەیاندنی کوردی لەوێشەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە,بە واتایەکی دی,دیاریکردنی کێشەو پێشنیاری زانستیانەیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە)

هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە توێژەرانی بەشی ڕاگەیاندنی بەیانیان و ئیوارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان,بۆ ساڵی خوێندنی(2022-2023),بەشێوەیەکی مشتە(عینە)ی ڕووماڵی گشتی توێژەر وەریگرتوون,ئەوەیش بەهۆی کەمی ڕێژەی مشتە(عینە)ی توێژینەوەکەیە،گرنگترین ئەو دەرەنجامەی کە توێژەر پێ گەیشتووە بریتیە لە ئەوەی کە بەربەستی ئابووری وئەکادیمی وکات بەتەواوەتی ڕەنگیداوەتەوە لە توێژینەوەکاندا.

CORRESPONDENCE
ڕۆژان محەمەد ڕەشید
Rozhanhavall.rashid@gmail.com

وەرگرتن 2023/09/04
پەسندکردن 2023/11/29
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
بەربەست،
توێژەر ،
توێژینەوە زانستی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەكی:**

توێژینەوە جۆرێكە لە جۆرەكانی پیشە لە ئەمڕۆدا,سەرەڕای ئەوەی وەكو زانستیش لە ئەمڕۆدا دەخوێنرێت لە ناوەندە ئەكادیمیەكاندا,هاوكات كۆمەڵە كەسانێك لە جیهانی كاردا كردوویانە بە پیشەیەك بۆخۆیان و بژێوی ژیانیان پێ دەردەهێنن, هیچ توێژینەوەیەكی زانستی بێ توێژەر نابێت,جگە لە ئەوەی كە توێژەربوون پیشەیە هاوكات هونەریشە كۆمەڵەكەسانێك بە شێوەیەكی خۆڕسك تێیاندایە,هەر بۆیە لە ئەمڕۆدا هیچ ناوەندێكی ئەكادیمی بێ توێژەر نابێت,وەكو دیاریشە توێژەری بەهۆی ئەوەیە بەدەر نیە لە بەربەست و ئاڵەنگاری و كێشەو گیروگرفت،بۆیە ئەو كێشە گیروگرفت و بەربەستانەش ڕەنگدەداتەوە لە توێژینەوە زانستیەكەیدا,بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی(بەربەستەكانی بەردەم توێژەر و ڕەنگدانەوەی لە توێژینەوە زانستیەكانی بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان),بە ئامانجی زیاتر تێگەیشتن لە ئەو بەربەستە جۆراوجۆرو جیاوازەكانی بەردەم توێژەرانی كە ڕەنگی یاوەتەوە لە توێژینەوەكانیان,توێژەر توێژەرانی قۆناغی چواری بەكالۆریۆس بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆكانی هەرێمی كوردستانی وەكو كۆمەڵگای تویژینەوە زانستیەكەی وەرگرتووە توێژەرانی ئێواران و بەیانیانی زانكۆی سلێمانی وسەلاحەدین بەشی ڕاگەیاندنی وەكو مشتە(عینە)ی توێژینەوەكەی وەرگرتووە.

## 1-چوارچێوەی گشتی توێژینەوەكە

### 1-1- كێشەی توێژینەوە

توێژینەوەی زانستی گرنگترین هەنگاوەكانی دەرهێنانی زانیاریە لەبوارە ناسكار (مەعرفی)ی و زانستە جیاكاندا،لەڕێگەی توێژینەوە درك بە هەموو ئەو كەلێن و بۆشاییانە دەكرێت كە لەبوارە دیاریكراوەكاندا بوونی هەیە و لەڕێگەی ئەنجامەكانەوە دەتوانرێت كەلێنەكان پڕبكرێتەوە خاڵە نەرێنی و لاوازەكان بخرێتە بەر باس،ساڵانە توێژەرانی سەرجەم بەش و كۆلێجەكانی زانكۆی هەرێمی كوردستان لەساڵی كۆتای خوێندنیاندا وەكو پێداویستیەكی دەرچوون و بەدەستهێنانی بڕوانامە,توێژینەوەیەكی زانستی ئەنجامدەدەن,توێژەرانی بەشی ڕاگەیاندنیش وەك هەموو بەشەكانی دیكە,توێژینەوە لەبوارێك لە بوارەكانی پسپۆڕیەكەی خۆیاندا ئەنجام دەدەن,لە ئەم نێوەندەدا توێژەر كە توێژینەوەی زانستی ئەنجامدەدات،ڕووبەڕووی چەندین بەربەست دەبێتەوە,ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەو بەربەستانەی كە ڕووبەڕووی توێژەرەكان دەبێتەوە لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیەكانیاندا،كە زۆر جار بەهۆی زۆری ئەو بەربەستانەوە ڕەنگدانەوەی لە توێژینەوەكاندا دەردەكەوێت,وا دەكات كە گومان دروست ببێت لە زانستیبوونی ئەو توێژینەوانە،هەر بۆیە كێشەی توێژینەوە زانستیەكەیش بریتیە لە: نەبوونی زانیاری پێویست سەبارەت بە بەربەستەكانی بەردەم توێژەر و ڕەنگدانەوەی لە توێژینەوە زانستیەكانی بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

### 1-2- ئامانجی توێژینەوە

گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوە زانستیە بریتیە لە ئەمانەی لای خوارەوە ئەوانیش:

1. زانینی ڕێژە و جۆری ئەو بەربەستانەی كە توێژەرەكان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیەكەیاندا.
2. زانینی ڕادەی كارتێكردنی بەربەستی ئابووری و دارای بەردەم توێژەر لە توێژینەوە زانستیەكانیاندا
3. زانینی كاریگەری بەربەستی ئەكادیمی و زانستی بەردەم توێژەر لە توێژینەوە زانستیەكاندا
4. پیشاندانی بەربەستی زمان و كات بەردەم توێژەر لە توێژینەوە زانستیەكاندا
5. ئاماژەدان بە زۆرترین جۆری ئەو بەربەستی یاسای بەردەم توێژەر لە توێژینەوە زانستیەكاندا كە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

### 1-3- بایەخی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوە زانستیە بریتیە لە ئەمانەی لای خوارەوە:-

***بایەخی بۆ توێژەرەكانی دواتر**

كە تێیدا توێژەران بتوانن,زاڵبن بەسەر بەربەستەكانی بەردەمیاندا،كە لە میانەی كاری توێژینەوەی زانستیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە,بۆ ئەوەی كە توێژینەوەكەی شایەنی ئەو ناونیشانە بێت،كە پێی بوترێت"توێژینەوەی زانستی"لەوێشەوە دەسەڵاتە كارگێڕی و ئەكادیمی و زانستیەكانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان كە بەشی ڕاگەیاندنیان هەیە،هەوڵی بەرەو پێشبردنی كۆمەڵگا بەشێوەیەكی گشتی و كۆمەڵی توێژینەوەی زانستی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بدەن.

***بایەخی بۆ بوارەكە**

لە دواتر بتوانێت ببێت بە سەرچاوەیەك سوودی لێ وەربگیرێت,واتا سەرچاوەیەك زیاد بكات بۆ كتێبخانەی كوردی بەگشتی و كتێبخانەی بواری ڕاگەیاندن بەتایبەتی.

***گرنگی بۆ ڕاگەیاندن**

واتە دەست خستنە سەر برینێكی تری جەستەی ڕاگەیاندنی كوردی لەوێشەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە,بە واتایەكی دی,دیاریكردنی كێشەو چارەسەرەكانیش.

**1-4-ناساندنی چەمكەكانی ناو توێژینەوەكە**

دیاریكردنی چەمكەكانی توێژینەوەی زانستی یەكێكە لە كارە گرنگەكانی دادەنرێت لە هەموو توێژینەوەیەكی زانیستی، بەشوەیەك ئەركی توێژەرە لەكاتی دارشتنەوەی كێشەكەی ئەو چەمكانەی بەكاری دەهێنیت دیاریان بكات هەرچەند دیاریكردنی چەمكەكان وورد بێت,تێگەیشتنی ئاسان دەبێت بۆ ئەو كەسانەی كە دەیخوێننەوە,بەبێ ئەوەی كە جیاوازبن لە تێگەیشتنی ئەوەی كە دەیڵێت گرنگترین چەمكەكانی ناو توێژینەوەكەش بریتیە لە ئەمانەی لای خوارەوە:

1) **بەربەست**: هەموو ئەو پاڵنەر و هۆكارانە دەگرێتەوە كە كاردەكاتە سەر كەسێك یان شتێك..هتد، كە ڕێگری دەكات لە لە پلاندانان و گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەو ئامانجەی كە دانراوە بە دی بهێنرێت. (پێناسەی كارای توێژەر)

2) **توێژەر**: ئەو كەسەیە كە لە ژینگەیەكی ئازادا بێ هیچ جۆرە فشارێك بە خواست و ڕەزامەندی خۆی هەڵدەستێت بە نووسینی و بڵاوكردنەوەی جۆرێك لە جۆرەكانی "نووسینی ئەكادیمی" بۆ ناوەندێكی دیاریكراو بە مەبەستی پێشنیاری زانستی بۆ ئەو كێشەیەی كە "نووسینی ئەكادیمی" لە پێناویدا نووسیووە. (پێناسەی ڕێكاری توێژەر)

3) **ڕەنگدانەوەی**: بریتیە لە پرۆسەیەك كەكە كاریگەری دروست دەكات لە سەر ئەنجام دەرەنجامی دیاردەیەك یان بابەتێك. (پێناسەی ڕێكاری توێژەر)

4) **توێژینەوەی زانستی**: بریتیە لە لێكۆڵینەوەیەكی ڕێكوپێك كە ئەنجامدەدرێت لەلایەن توێژەرێكەوە یان كۆمەڵە توێژەرێكەوە بە مەبەستی پێشنیاركردنی زانستیانە بۆچارەسەركردنی كێشەیەك لە كێشەكان پسپۆڕیەتێكی دیاریكراو. (پێناسەی ڕێكاری توێژەر)

**1-5-توێژینەوەكانی پێشوو**

**1-توێژینەوەی: غفور مجید (2020)**

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتیە لە (العوامل الموثرة على المعوقات الثقافية التي تواجه الباحثين أثناء البحث العلمي في الفلسطينية) لە كۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانكۆی (الشرق الاوسط) لە ئوردن ئەنجام دراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دكتۆرا، ئامانجی توێژینەوەكەی بریتیە لە تێگەیشتن لە كاریگەری بەربەستی دابونەریت لەسەر توێژینەوە زانستیەكانی فەڵەستین كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی بریتیە لە توێژەرانی غەزە كە ژمارەیان (809) توێژەر و بە مشتەی مەبەستدار وەرگیراون,مشتەی توێژینەوەكەی بە شێوەی مشتەی كۆگیر (الحصر الشامل) هەموو توێژەرانی وەرگرتووە، میتۆد و ڕێبازی توێژینەوەكەی میتۆدی وەسفی ڕێبازی ڕووپێووی تایبەتی بەكارهێناوە، هەروەها سنوری توێژینەوەكەی بریتی بووە لە توێژەرانی وڵاتی فەلەستین لە شاری غەزە،ئامرازی توێژینەوەكەی بریتیە لە چاوپێكەوتن و فۆرمی ڕاپرسی و كەرەستەی ئاماری بەكارهێناوە، بەم دەرئەنجامە گەیشتووە، دابونەریت وەك بەربەستێك وابووە لەبەردەم توێژەران بە تایبەت بەپێی ئەو ئەنجامەی توێژەر پێگەیشتوە دابونەریتی كۆمەڵگە بە ڕێژەی زۆر ڕۆڵ بینیوە وە ڕۆڵەكەش ڕۆڵێكی نەرێنی بینیوە.

**2- توێژینەوەی سید فاخر (2018)**

ناونیشانی توێژینەوەكە (البحث العلمي في قسم الاعلام الفلسطينيةالمعوقات التي تواجه الباحثين العوامل الموثرها)، لە بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆی فەلەستین لە غەزە ئەنجام دراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دكتۆرا، ئامانجی توێژینەوەكەی بریتی بووە لە زانینی ڕۆڵ و بەربەستە جۆراو جۆرو جیاوازەكانی بەردەم توێژەرو كاریگەری لەسەر توێژینەوە

زانستیەکانی، میتۆد و ڕێبازی توێژینەوەکەی بریتیە لە میتۆدی وەسفی ڕیبازی ڕووپێوی تایبەت، کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە توێژەرانی غزە لە فەڵەستین کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەروەها مشتەی توێژینەوەکەی، بە مشتەی کۆگیر ژمارەیان (462) توێژەر بووە هەڵبژاردوە، ئامرازی توێژینەوەکەی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بریتی بووە لە چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی، کەرەستە ئامارییەکانی بریتی بووە لە ڕێژەی سەدی، توێژەر بەم دەرئەنجامە گەیشتووە باسی لەسەر ئەوە کردووە کە بەربەستەکانی بەردەم توێژەر هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لەسەر توێژینەوە زانستیەکان ئەگەر هاتوو توێژەر پاشخانێکی زانستی بەهێزی هەبێت.

### 3-توێژینەوەی: محمد جبار (2019).

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (المعوقات االقتصادیة التي تواجه الباحثین أثناء البحث العلمي) لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی (الشرق الاوسط) لە ئوردن ئەنجام دراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە کاریگەری بەربەستەکان لەسەر توێژینەوە زانستیەکانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە توێژەرانی جەزائیر ژمارەیان (2000) توێژەربووەبە مشتەی مەبەستدار(عینە القصدیە) بەکارهێنراوە، توێژەر هەڵیبژاردووە، بە مشتەی هەڕەمەکی سادە هەڵیبژاردووە، میتۆدی توێژینەوەکەی وەسفیە وڕێبازی توێژینەوەکەی ڕووپێوی تایبەتە،سنوری توێژینەوەکەی بریتی بووە لە چەند زانکۆیەکی جەزایر،ئامڕازی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی و کەرەستە ئامارییەکەی بەکارهێناوە وبەم دەرئەنجامە گەیشتووە، پەیوەندی هەیە لەنێوان بەربەستی ئابووری کاریگەری لەسەر توێژینەوە زانسستیەکاندا هەیە.

گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

1- توێژینەوەی (غفور مجید،2020)، ناونیشانی توێژینەوەکە (العوامل الموثرة على المعوقات الثقافية التي تواجه الباحثين أثناء البحث العلمي  في الفلسطينية)، لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی (الشرق الاوسط) لە ئوردن ئەنجام دراوە،وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیە لە تێگەیشتن لە کاریگەری بەربەستی دابونەریت لەسەر توێژینەوە زانستیەکانی فەڵەستین، توێژینەوەکەی بریتیە لە توێژەرانی غەزە کە ژمارەیان (809) توێژەر و بە مشتەی مەبەستدار وەرگیراوە، مشتەی توێزینەوەکەی بە شێوەی مشتەی کۆگیر (الحصر الشامل) هەموو توێژەرانی وەرگرتووە، میتۆدی و ڕێبازی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە (میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕووپێوی تایبەت)، کە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، ئامڕازی توێژینەوەکەی بریتی بووە لەفۆڕمی ڕاپرسی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە و تویژەر بەم دەرئەنجامە پێگەیشتوە دابونەریتی کۆمەڵگە بە ڕێژەی زۆر ڕۆڵی  بینیوە وە ڕۆڵەکەش ڕۆڵێکی نەرێنی بینیوە.

2- توێژینەوەی (محمد جبار، (2019) ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (المعوقات االقتصادیة التي تواجه الباحثین أثناء البحث العلمي) لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی (الشرق الاوسط) لە ئوردن ئەنجام دراوە،وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا ئامانجی توێژینەوەکەی هاوشێوە و نزیکە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جیاوازە،کۆمەڵگەی ئەو بریتی بووە لە توێژەرانی جەزائیر وەرگرتوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەداکۆمەڵگەی توێژینەوەکەی توێژەرەکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە،سنوری توێژینەوەکەی توێژەرەکانی بەشی ڕاگەیاندن هەرێمی کوردستانە، هەروەها میتۆد و ڕێبازی توێژینەوەکەی میتۆدی وەسفی ڕێبازی ڕووپێوی تایبەتی بەکارهێناوە و هاوشێوەیە لەگەڵ میتۆد و ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەدا، هەروەها شێوازی وەرگرتنی کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکەی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا و بە مشتەی مەبەستدار و گەمارۆی گشتگیر توێژەر وەریگرتون، ئامڕازی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژینەوەکەی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا (فۆڕمی ڕاپرسیە)، کەرەستە ئامارییەکانی جیاوازە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە، هەروەها دەرئەنجامی توێژینەوەکەی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە.

3-  توێژینەوەی (سید فاخر،2018)، ناونیشانی توێژینەوەکە (البحث العلمي  في قسم الاعلام الفلسطينية المعوقات التي تواجه الباحثين العوامل الموثرها)، لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی فەلەستین لە غەزە ئەنجام دراوە،وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، ئامانجی توێژینەوەکە نزیکە لەم توێژینەوەیە، بەڵام کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکەی جیاوازە

لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگە بریتیە لە سەرجەم توێژەرانی زانکۆی فەلەستین، مشتەی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم توێژەرانی زانکۆی فەڵەستین لە غەزە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە مشتەی مەبەستدار هەڵبژاردوە،هەروەها مشتەی توێژینەوەکەی بریتیە لە توێژەرانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی فەڵەستین لە غەزە، ژمارەیان مشتەی توێژینەوەکە (462) توێژر بووە هەڵبژاردوە، بەڵام کۆمەڵگە و مشتەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە توێژە بەشی ڕاگەیاندنی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆی سلێمانی وسەڵاحەدین بەنموونە وەرگیراوە،شێوازی هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا و بە مشتەی مەبەستدار هەڵبژاردوە، بەڵام شێوازی هەڵبژاردنی مشتەی توێژینەوەکەی جیاوازە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە و بە مشتەی هەڕەمەکی چینایەتی وەریگرتون،هەروەها سنوری توێژینەوەکەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە توێژەرەکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەڵام توێژینەوەکەی ئەو سنوری توێژینەوەکەی بریتیە لە توێژەرەکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی فەڵەستین کە غەزە،بە هەمان شێوە میتۆد و ڕێبازی توێژینەوەکەی هاوشێوەی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی وەسفی ڕێبازی ڕووپێوی تایبەتی بەکارهێناوە،هەروەها کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە (چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی) هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام کەرەستە ئاماریەکەی بریتیە لە ڕێژەی سەدی، جیاوازە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا کە (spss)ە، هەروەها دەرئەنجامی توێژینەوەکە جیاوازە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، لە توێژینەوەکەی ئەودا تێیدا باسی لەسەر ئەوە کردووە کە بەربەستەکانی بەردەم توێژەر هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لەسەر توێژینەوە زانستیەکان ئەگەر هاتوو توێژەر پاشخانێکی زانستی بەهێزی هەبێت بەڵام لە ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەم دەرئەنجامە گەیشتووە، بەربەستە جۆراو جۆر جیاوازەکان کاریگەریان هەیە لە سەر توێژینەوە زانستیەکان.

## لایەنی زانیاریانامەی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم:بەربەستەکانی بەردەم توێژەر

#### 1-بەربەستی ئەرشیفکردن:

ئەرشیفکردن بەشێوەیەکی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی هەر بەرهەمێکی (هونەری،زانستی،ڕۆشنبیری) لەناوچوون،دیارە ئەرشیفکردنیش دوو جۆری سەرەکی هەیە کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە ئەرشیفکردنی (ئەلیکترۆنی_چاپکراو)لەسەرەتای دەرکەوتنەکانی هەر بوارێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا،ئەو کاتەی کە هەندێك لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی سادە و ساکاربوون هەندێکی دیکەشیان لە سەرەتای دەرکەوتنەکانیان بوون،بۆیە کە بەرهەمەکە ئەرشیف دەکرا بە شێوەیەکی چاپکراو چاپدەکرا،بەڵام وردە وردە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی و دەرکەوتن و پێشکەوتن و سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیاوە،ئەمجارەیان ئەرشیفکردن فۆرمێکی پێشکەوتووتری بە خۆیەوە بینی ئەویش شێوازە ئەلیکترۆنیەکەیەتی کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەرشیفکردنی ئەلیکترۆنی (جاسم، ٢٠٠٤:٧٥)

سەبارەت بە مێژووی ئەرشیفکردن،هەر لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە،مرۆڤەکان گرنگیان داوە بە ئەرشیفکردن و پاراستن و بە دیکۆمێنتکردنی چیرۆك و بەسەرهات و ڕووداوەکان بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بردووەتە بەر نووسین و هەڵکۆڵینی سەر ئەشکەوتەکان تاشە بەردەکات چیاکان،کە لە ئێستادا بووە بە ئەرشیفێکی مەزنی ژیانی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ئەوە دەتوانرێت مێژووی مرۆڤایەتی بزانرێت و لێکدانەوە و شیکردنەوە بکرێت،بۆ ژیانی مرۆڤایەتی وەکو دیاریشە ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەرشیفکردن (جابر، 2019: 675)

#### 2-بەربەستی دابوونەریت:

هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی دابوونەریتێکی تایبەتمەندی خۆیەتی،دابوونەریت کۆمەڵە شتانێکن کە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە،دابوونەریت چەندین شتی جۆراوجۆر و جیاواز لە خۆ دەگرێت لە گرنگترینیان بریتیە لە (جلوبەرگ،زمان،خواردن،بۆنە،ئاهەنگە ئاینی و نەتەوەی) گۆڕنکاری لە دابوونەریت ئاسان نیە،بەڵام خوودی خۆی بەپێی تێپەڕبوونی کات وگۆڕانکاری ئەو تۆی لێ بەسەردێت،بۆ نموونە دەکرێت لە سەردەمانێك کۆمەڵە شتانێك دابوونەریت بن، بەڵام لە سەردەمێکی دیکە بە ئەو چەشنە نەبێت (أحمد، 2006:93)

دابوونەریت یەکێکە لە ئەو پاڵنەرانەی کە کاریگەری دەکاتە سەر سەرجەم کایەو بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دابوونەریت ڕۆچووەتە ناو هەموو بوارەکان،هیچ بوارێك لە کۆمەڵگا بە دوور نیە لە دابوونەریت،چونکە تاکەکەی ناو بوارەکە خوودی خۆی پەیوەستە بە دابوونەریت،بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم پەیوەست بووونەی لە پیشەکەشیان ڕەنگی داوەتەوە (یونس،2008: 97)

### 3-بەربەستی ئاین:

ئاین بەشێکە لە کلتور،لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە،گۆڕانکاریکردن لە ئایندا ئاسان نیە،بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتن و دەستە بەربوونی (ئاسایش و ئازادی ڕادەربڕین) تاکەکان توانای گۆڕینی ئاینیان هەیە،دیارە ئەمەش زیاتر لەسەر ئاستی تاکە نەک کۆمەڵگا بەگشتی،لەبەر ئەوەی ئاین بەشێکە لەکلتور،گۆڕانکاریش لەکلتوردا ئاسان نیە،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاین لە جیهانی ئەمڕۆدا لە باوانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەوکانی دوای خۆیان، نەوەك بابەتێك بێت کە ئەگەر بێت و کەسەکان گەشتە تەمەنێکی گونجاو خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن ئاینێک هەڵبژێرن،واتا ئاین بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنێکی ئازادی تاکە کەسی نیە،بەپێی زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە زانستیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئاین لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵات زیاتر پەیرەوکراوە زاڵە وەک لە ڕۆژئاوا،ئاین بەشێکی دانەبڕاوەیە لەژیانی تاك بەشێوەیەك کە هیچ تاکێك لە ئاین بەدوور نیە،ئاین ڕۆشتووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و هیچ بوارێکی ژیانی مرۆڤایەتی لە ئاین بە دوور نیە (عبیدو، 75:2012)

### 4-بەربەستی زمان:

زمان بە هەریەك لە جۆرە جیاوازەکانی ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێت لە گەیاندنی پەیام لە وەرگرێکەوە بۆ نێرەرێک،وەکو دیاریشە زمان دابەشدەبێتە سەر دوو جۆری سەرەکی کە ئەویش زمانی (زارەکی و جەستەی)ە،هەریەکێك لە ئەو زمانانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەلایەن پسپۆڕو شارەزایانەوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی خۆیانیان بۆی کردووە، هاوکات وەکو زانستیش لە ئێستادا لە ناوەندە ئەکادیمیە جیاوازەکان دەخوێنرێت وە زانینی زمانە جیاوازەکان لە ئێستادا، وەکو پیشەیەکی لێ هاتووە کە کۆمەڵە کەسانێك لە ناوەندە جیاوازەکاند،زانینی زمانە جیاوازەکانیان وای کردووە هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێت،وەکو وەرگێڕێك کاربکەن و بژێویەکی ژیانی خۆیان دەستە بەر بکەن (الکبسی،2002: 85)

ئەگەر هاتوو زمانی هاوبەش و زانراو لەلایەن هەردوو لاوە،کە خۆی دەبینێتەوە لە نێرەر و وەرگر نەبوو،ئەوە بەربەست دروست دەکات لە ڕووی گەشتنی پەیامەکەوە،بە ئەو نەگەشتنی پەیامەش پێی دەوترێت ژاوەژاو (تشویش) و ئەمەش دیارە بە هۆی ئەو بەربەستی زمانەوەیە کە زانراو نیە، لەلایەن هەردوو لاوە،ئەمەش ڕاستە بۆ هەموو پیشە جۆراو جۆرەکان،زانینی زمانی جیاواز یەکێکە لە پێداویستیە گرنگ و بە پێزەکانی توێژەر،بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی یاخود هەر جۆرێکی دیکەی نووسینی ئەکادیمی،چونکە زمانی کوردی کە زمانێکی جیهانی دانپیانراو نیە لە ڕووی نێودەوڵەتیەوەبەهۆی کۆمەڵێکی جیاوازەوە لە گرنگترینیان نەبوونی دەوڵەتەوە،ئەمەش وادەکات کە زۆر جا بەهۆی ئەوەوە کە توێژەرەکان زمانی دیکەی جیاواز نەزانن،دەست ڕاگەشتنیان بە سەرچاوە جیاوازەکان کەمتر ببێتەوە (محمود،2008: 105)

### 5-بەربەستی ئەکادیمی:

لەڕووی زاراوەوە بنچینەی وشەی ئەکادیمی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیە کۆنەکان،بە واتایەیەکی دیکەیش سەرەتای بیری ئەکادیمیش بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتۆن،کە ئەفلاتۆن یەکەم کەس بووە،کە بیری لە دامەزراندنی پەیمانگای ئەکادیمی کردووەتەوە،هەر ئەفلاتوون بووە کە بارەگای ئەکادیمیای دامەزراندووە لە نزیك باخچەی (ئەسینا) ی گرت،کە پێی دەگوترا باخەکانی "ئەکادموس"و فێرخوازەکانی فێری فەلسەفەو بیرکاری دەکردن،دوای هەر خوودی یەکێك لە فێرخواوەکانی بەناوی "یۆسێنیان" ئەکادیمیەکەی داخست و بەیەکێك لە پەیمانگا بتپەرستەکانی زانی) (هاشم،2006: 92)

هەربۆیە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان گەورەترین بەربەست کە دێتە پێش ناوەندە ئەکادیمەکان،خۆی دەبینێتەوە لە داخستنی ناوەندەکە وەکو ئەوەی کە حکومەتی بەعس یەکێك لە ناوەندە ئەکادیمیە کوردیەکانی وەکو زانکۆی سلێمانی داخست (عبدالملیك،115:2001)

تاوەوکو ئێستا لە جیهاندا و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا،ناوەندە ئەکادیمیەکان هەن وەکو (زانکۆ پەیمانگا)،ناوی ئەکادیمی و ئەکادیمیا هەر هەمان ئەو ناوەویە کە ئەفلاتۆن بیرو ناوەکەی دامەزراندووە (رعد،2003: 24)

لەگەڵیدا توێژەرەكان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەو بوارو پسپۆڕیەتەی خۆیان،لە كۆتایشدا بڕوانامە لە ئەو بوارو پسپۆڕیەتە وەردەگرن (فرید،2015: 85) وەكو بڕوانامەی ئەكادیمی لە ئێستادا دوو جۆر بڕوانامە هەیە ئەوانیش (مروان،2003: 23)

1) بڕوانامەی پیشەی.

2) بڕوانامەی ئەكادیمی.

ئەگەر توێژەرێك سەر بەیەكێك لەئەم قۆناغانەبێت،بە ئەكادیمی دادەنرێت،ئەو قۆناغانەش بریتین لە ئەمانەی لای خوارەوەو (عامر،2000:915) :

1) بڕوانامەی بەكالۆریۆس.

2) بڕوانامەی باڵا یان هاوتای.

3) بڕوانامەی ماستەر.

4) بڕوانامەی دكتۆرا.

5) قۆناغی پلە بەرزكردنەوەو بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

6) قۆناغی پلە بەرزكردنەوەو بۆ پرۆفیسۆر.

**6-بەربەستی زانستی:**

لە ئەمڕۆدا زانست دابەشبووەتە سەر دوو جۆری سەرەكی ئەویش زانستی (پەتی،مرۆڤایەتیەكان)ە،هەریەك لە ئەو دوو جۆرە سەرەكیەی زانستیش دابەشبووەتە سەر چەندین زانستی دیكەی وردتر،چەندین لق و پۆی جیاوازی لێ بووەتەوە، و ساڵانە لە ناوەندە ئەكادیمیەكاندا توێژەرەكانیان بڕوانامە بە دەست دەهێنن لە ئەو پسپۆڕیەتیە وردانە،ئەمەش دیارە بەهۆی ئەو پێشكەوتنە زۆرەی جیهانە كە ئەمڕۆ جیهان بە خۆیەوە بینیویەتی،لەڕووی ناساندنیشەوە زانست لەلایەن پسپۆڕو شارەزاكانەوە ناساندنی جیاوازی بۆ كراوە،هەر شارەزایەك بەپێی ئاراستەی بیركردنەوەی فەلسەفیانەی خۆی ناساندنی بۆی كردووە،لە گۆشە نیگای جیاوە،پەی بە بابەتەكە بردووە،سەرەڕای ناساندنی جیاوازەكان بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لە سەر ئەوەوە كۆكن كە زانست ڕێگەیەكی ڕێكخراوەو بۆ گەیشتن بە زانیاریەكان(حافظ،2017: 85)

**7-بەربەستی ئابووری:**

زانستی ئابووری بەشێوەیەكی گشتی یەكێكە لە زانستە مرۆڤایەتیەكان،لە ئەمڕۆدا لایەنی ئابووری سەرەڕای ئەوەی كە ڕۆڵ و كاریگەری خۆی هەیە،لەسەر كۆی ژیان وگوزەران تاكەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچ تاكێك لێ بەدوورنیە، وەكو زانستیش زانستی ئابووری بەپێی سەرچاوە جیاوازەكان،شارەزایان ناساندنی جیایانكردووە،ئابووری بەشێوەیەكی گشتی كە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی هەیە،بە سەرجەم پیشەكانەوە ،سەرەڕای جیاوازی گۆشە نیگای جیاوازەكان لەسەر چەمكی ئابووری بەشێوەیەكی گشتی (عامر،2002: 85)

**7-بەربەستی سیاسی:**

هەموو دەوڵەتێك سیاسەتێكی تایبەتمەندی خۆی هەیە،كە جیای دەكاتەوە لە سیاسەتی دەوڵەتەكانی دەوروبەری، بەگشتی سیاسەتی دەوڵەتەكان ئەمڕۆ لە جیهاندا خۆی دەبینێتەوە،لە سیاسیەتێكی (دیكتاتۆری،دیموكراسی،نیمچە دیموكراسی، نیمچە دیكتاتۆری، پاشایەتی)بەپێی سەرچاوە جۆراو جۆرەكان كە تێیدا ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە، تاوەكو ژینگەی ئەو وڵاتەی كە توێژەرەكە توێژینەوەی زانستی تێدا ئەنجامدەدات،ئارامترو ئازادتربێت ئاسایشی تێدا بەر قەرار بێت،توێژەرەكە لەلایك سەلامەت ترە لەلایەكی دیكەشەوە بەباشی دەتوانێت ئەركە زانستیەكانی ئەنجامبدات،بە گشتی دەسەڵاتە سیاسیەكان لەوڵاتێك كە ڕێكخست (سیستم)ەكەی دیموكراسی ونیمچە دیموكراسی بێت ئەوە ئەوە دەسەڵاتە باشتر دەتوانن دەستەبەری سەلامەتی بكات بۆ توێژەرەكانی،زۆر جار بە ڕاگەیاندنیش دەوترێت دەسەڵاتی چوارەم، سیاسەتی وڵات ڕۆڵی و كاریگەری ڕاستەوخۆ دەبینێت لە پێشكەوتنی ئەو وڵاتە یاخوود دواكەوتنی،هەر ڕێكخست (سیستم) مەسیشە،دەتوانێت بڕیاردەربێت بۆ دەستە بەركردنی ماف و ئەرك و بەرپرسیاریەتی،بۆ سەرجەم تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایەو بە سەرجەم چین وتوێژەكانی ئەو نەتەوەوەیە. (العسكری،2014: 82)

دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت لە دەستەبەركردنی سەلامەتی بۆ توێژەرەكان ودانانی ئەرك و مافیان و بەرپرسیاریەتیان،لە ڕێگەی یاسای تایبەتمەندەوە،نەك بۆ خوودی توێژەرەكان بەڵكو بۆ سەرجەم چین و توێژەكانی دیكەیكۆمەڵگا،هەر خوودی

دەسەڵاتی سیاسیە کە خۆی  دەبینێتەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانێنت لێپێچینەوە بکات، لە هەر توێژەرێك ئەگەر هاتوو ئەو توێژەرە نا پاکی ئەکادیمی کرد،لە بنەما ئاکاریەکانی توێژینەوەی زانستی لایدا بوو، ئەگەر هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە نەکرا ئەوە توێژەرەکە تووشی ئاستەنگی سیاسی دەبێت ئەمە جگە لە ئەوەی کە توێژەرەکان پێویستان بە ژینگەیەکی ئازاد دەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەو زانستیەکانیان (الهويدى،2000: 98)

## 8-بەربەستی کارگێڕی:

کارگێڕی یەکێکە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی چەمکەوە سەرەڕای ناساندنە جیاوازەکانی پسپۆڕو شارەزایانی بواری کارگێڕی،بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر ئەوەو کۆکن کە کارگێڕی وەکو دیارە مەبەست لێ ئەوەو دەگەیەنێت کە ئەو پرۆسەیە  کە گەیشتن بە ئامانجەکان  بە بەکارهێنانی ڕێگەی گونجاوە،لەلایەکی دیکەوە کارگێڕی بەوە ناسێنراوە،کە پرۆسەیەکی پلاندانان و ڕێکخستنەو هەماهەنگی و ئاڕاستەکردنی سەرچاوەی ماددی ومرۆڤەکانە بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام،بەکورترین شێوە کەمترین تێچووی ماددی،خۆ ئەگەر هاتوو بە ئەو چەشنە نەبوو ئەوە پرۆسەی کارگێڕیەکە سەر بە هەر پیشەیەك بوو،ئەوە لە ڕووی کارگێڕیەوە بەربەستی بۆ دروستبووە،بۆ ئەو مەبەستەش بۆ ئەوەی بەربەستەکەی لەبەردەم لا ببرێت سەرەڕای ئەوەی کە وا باشترە کە هەمیشە بخرێتە سەر ڕێڕەوە ڕاستەقینەکەی=ی خۆی (أحمد،2012: 12)

لە لایەکی دیکەیشەوە، پێویستی بەکەسانی پسپۆڕو شارەزای بوارە جیاوازەکان هەیە،بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو شارەزایەوە بەربەستە کارگێڕیەکەی لە سەر لا ببرێت،چونکە ئەگەر بەربەستی کارگێڕی لە بەردەم هەر پیشەو کایەیەك بێت ئەوە ئەو پیشەیە لە سەرکەوتن و بەرەو پێشچوون و پەرەسەندنی ئەوتۆ بە خۆیەوە نابینێت،و دەوەستێت و ناچێتە پێشەوە،بۆیە بواری کارگێری بۆ هەر پیشەو کایەیەك گرنگی تایبەتمەندی خۆی  هەیە،بواری کارگێڕی یەکێکە لە ئەو بوارانەی ژیانی مرۆڤایەتی کە ڕۆچووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیەوە هیچ بوارێك لێ بەدوور نیە،کارگێڕی بەشێوەیەکی گشتی بەگرنگترین چالاکیەکانی مرۆڤ دادەنرێت،هەر لە بەر ئەم گرنگیەیەتی پێویستە بە وریایەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەربەستەکانی پێشی لاببرێت و ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە بڕوات بە ڕێوە،چونکە هەبوونی کەموکورتی و بەربەست لە پێش کارگێری هەر پیشەیەکدا،دەبێتە هۆی سستبوونی پیشەکە (حسين،2005: 48)

## 9-بەربەستی کات:

کات یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی،هەموو توێژەرێکیش پێویستی بە کاتێکی گونجاوە بۆ تەواوکردنی توێژینەوە زانستیەکەی،هەر (ناوەندو،دامەزراوە،شوێن و لایەن،ڕێکخراو) کاتێکی دیاریکراو دادەنێت بۆ توێژەرەکەی بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە زانستی کە بڕیارە ئەنجامی بدەن،ئەمە جگە لە ئەوەی کە لەبەشی ڕێبازمانەی توێژینەوەی زانستیدا لە (سنووری توێژینەوە)دا،سنووری کات دانراوە،دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی کات لە پرۆسەیتوێژینەوەی زانستیدا. (العبسى،2011: 74)

کات بابەتێکە لە زانستی توێژینەوەدا گرنگی تایبەتمەندی خۆی هەیە،زۆرجار کات ڕۆڵدەبینێت لە دیاریکردنی گرنگی توێژینەوەیەکی زانستی،زۆرجار هەر کاتە وادەکات کێشەیەك شایەنی ئەوەبێت کە توێژینەوەی زانستی لێ ئەنجامبدرێت یاخود نا،کات بە چەشنێك کاردەکاتە سەر توێژینەوەی زانستی زۆر جاران کاتەکە ڕەنگدەداتەوە بەسەر سەرجەم بەشەکانی توێژینەوەی زانستی،بەشێوەیەك ئەمەش زیاتر کاتێکە کە ئەگەر هاتوو ئەو (ناوەندو،دامەزراوە،شوێن،لایەن، ڕێکخراو) کە توێژەرەکە توێژینەوەی زانستی بۆ ئەنجامدەدات،بە هۆی پێداویستی و گرنگی و بایەخی بابەتەکەوە کۆمەڵێك بابەتی توێژینەوە دیاری بکات،بۆ توێژەران کە توێژینەوەی زانستی تێدا ئەنجامبدات. (محمد،2022: 87)

## 10-بەربەستی ئازادی:

سەرەڕای لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ خوودی ئازادی،بەڵام زۆر بەی هەرە زۆری شارەزایان لە سەر ئەوەو کۆکن کە ئازادی چەمکێکی فرە ڕەهەندە و ئەوەی لە لای کەسێك دەکرێت ئازادی بێت لەلای کەسێکی دیکە دەکرێت سنوور بەزاندن بێت، لە کۆمەڵگایە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەو لە سەردەم بۆ سەردەمێکی دیکە ئازادی سنورەکانی گۆڕانکاریان لێ بەسەرردادێت،لە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا ئازادیڕەها بوونی نیە،ئازادی پێداویستیەکی گرنگی ژیانی هەر تاکێکە،ئازادیش یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی. (محمد,2003: 195)

سەرەڕای ناساندنی جیاواز بۆ خوودی ئازادی بەڵام زۆربەی هەرە زۆری نووسەران جەخت دەکەنەوە لە سەر ئەوەی کە ئازادی بەگشتی بریتیە لە ئەوەی واتای هەبوونی تواناکردنی گۆڕان و دەربڕین بیرکردنەوە هەستکردن ژیان و مافەکانی تری مرۆڤە بەبێ هیچ سنورداردکردنێکە وەیان لەلایەن و کەس لایەنێکەوە،ئازادیەکان  جیاوازن لەوانە ئازادی (بیروڕا، ئاین، جلوبەرگ)هەبوونی

ئازادی بۆ هەر پیشەیەك دەبێتە خاڵێکی سەرکەوتن بۆ ئەو پیشەیەکە و بەرەوپێشچوونی لە ئەو پیشەیەدا سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆی. (محمود، 45: 2005)

پیشەی توێژەری یەکێکە لە ئەو پیشانەی کە هەبوونی ئازادی تێیدا توێژەرەکە داهێنەرانەتر توێژینەوە زانستیەکەی ئەنجامدەدات،نەبوونی ئازادی تەواوەتی بۆ توێژەر خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە ئەو بەربەستانەی کە دێتە پێش توێژینەوە زانستیەکان دەبێە بەربەستێك لە پێشیدا،و بەربەست لە بەردەم ئازادیەکان زیاتر لە وڵاتە نیمچە دیموکراسیەکان وڵاتە دیکتاتۆریەکاندایە،دەستەبەرکردنی ئازادی گونجاو بەشێکی گەورەی لە ئەستۆی حکومەت و دەسەڵاتە سیاسیەکانی وەکو دەسەڵاتی (یاسادانان،بڕیاردان،جێبەجێکردن) کە دابینی بکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی و بێ جیاوزی بۆ سەرجەم چین و توێژەکان. (عباس،2022: 81)

## 11- بەربەستی سەرپەرشتیار:

سەرپەرشتیار ئەو کەسەیە کە بەرپرسیارە لە بەڕێوبردن و بەدواداچوون بۆ پێشکەوتن و ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی بە هەموو وردەکاری قۆناغە جیاوازەکان،وەکو دیارە سەرپەرشتیار ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە یارمەتیدانی توێژەر تەنانەت خستنە گێژاویشەوە،هەر بۆیە سەرپەرشتیاری توێژەر دەتوانێت یارمەتی دەرێکی گەورە بێت بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە نووسینی توێژینەوەی زانستی،بە ئەو پێیەی سەرپەرشتیار بەشداری دەکات لە بەرزکردنەوەوی ئاستی توێژەرێك لە نووسینی توێژینەوەی زانستی (محمد،2013: 45)

ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕێنمایە گرنگانەی کە وەك توێژەرێك پێشکەشی دەکرێت لەلایەن سەرپەرشتیارەکەوە، سەرپەرشتیاری توێژینەوەی زانستی بە هۆی پێدانی ڕێنمایەکانەوە بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی توێژینەوەی زانستیەکە و ناوەڕۆکەکەی کە توێژەرەکە دەینوسێت،هیچ توێژەرێك لە کاتی نووسنی توێژینەوەی زانستی دەستبەرداری یارمەتی ئەکادیمی سەرپەرشتیارەکەی نابێت،توێژەر سوود لە ئەزموون و لێهاتووی و کارامەی سەرپەرشتیارەکەی وەردەگرێت بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی کە ئەنجامی دەدات،بە هۆی ئەوەی سەرپەرشتیارەکەی لە توێژەرەکە ئەزموون و شارەزای زیاترە لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی،هەمیشە واباوە باشترە کە توێژەرەکە سەرپەرشتیارەکەی توێژینەوەی زانستیەکەی هەڵبژێرێت بە هۆی کۆمەڵێك پاڵنەری زانستی و ئەکادیمەوە،یەکێك لەگرنگترین بڕیارەکانی بەردەم توێژەر بریتیە لە هەڵبژاردنی سەرپەرەشتیارێکی گونجاو بۆ توێژینەوەی زانستی. (خلیل،2004: 45)

## 12-بەربەستی دەروونی:

سەرەتا مێژووی زانستی دەروون ودەروونناسی بەشێوەیەکی گشتی مێژوویەکی دوورو درێژی نیە،بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان ئاماژە بۆ کاتی جیاواز دەکەن بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی زانستەکە،بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرەتای سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوەو بۆ سەدەی بیست و یەك،ئەم تازەبوونەی زانستی دەروون و دەروونناسی لە چاو زانستەکانی دیکە تازەیە،ئەم تازە بوونەیش بەربەست دروست دەکات لە ئەو ڕووەی کە تاك و کۆمەڵگا هۆشیاری تەواوەتی زانستەکەیان نیەو پێیان نەگەشتووە دیارە ئەمەش بەپێی سیستەمی پێشکەوتووی دواکەوتووی وڵاتان دەگۆڕێت بە چەشنێك کە تاوەوکو وڵاتەکە پێشکەوتووتر بێت ئەوەوندەش هۆشیاری زانستیان زۆرترە لەسەری،بەربەستی دەروونی کەمترە لە سەر پیشەوەرەکان. (وجیە،2012: 29)

چونکە لە ناو پیشەکەیاندا زانستەکە گرنگی پێدەدرێت و جێگەی بووەتەوە تێگەشتنی کۆمەڵگاش هۆشیارانەترە بۆ تووشبوانی نەخۆشی و گیروگرفتە دەروونیەکان بەربەستی دەروونیش بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو پیشەوەرەکان بێ جیاوازی کەم دەکاتەوە و زانستی دەروونناسی وەکو زانست لقێکی ئەکادیمی وکرداریە لە خوێندنی زانستە کرداریەکانی مێشك و هەڵسووکەوت لە خۆ دەگرێت،وەکو دیارە زانستی دەروون و دەروونناسی ئامانجی یەکەمی ئەوەویە کە لە تاك و گرووپەکان تێبگات بە دانانی بنەما گشتیەکان و هەروەها توێژینەوەی تایبەت لەسەر تاك. (المشهدانی،2003: 84)

## 13-بەربەستی یاسای:

هەموو وڵاتێك ڕێکخستە(سیستەم)ی یاسای تایبەتمەندی خۆی هەیە،لە ڕێگەی یاساوە ماف و ئەرك دانراوە بۆ هاوڵاتیەکانیان،و هەموو ئەو کەسانەش کە هەر پێشێلکاریەك ئەنجامبدەن،لە ئەو سنوورە جوگرافیەی کە یاساکە تێیدا،ئەوە و ڕووبەڕووی سزای یاسای دەبێتەوە،ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە پێشێلکاریەکەی بەرامبەر ئەنجامدراوە سکاڵا تۆمار بکات،و دادگای تایبەتمەند بە کێشەکە هەبێت،و لەگەڵ یاسای تایبەتمەندا،واتا بە شێوەیەکی دیکە ئەگەر وانەبوو پێچەوانەکەی ڕوویدا ئەوە بەربەست دروست

دەبێت لە ڕووی یاسایەوە بۆ كەسەكە،ئیدی ئەو كەسە لە هەر پیشەو بوار و كایەیەك بێت،ڕەنگە نەتوانێت مافی تەواوەتی خۆی وەربگرێت بە هۆی ئەو بەربەستانەی كە لە سەرەو كە ئاماژەی پێكراوە (أسماعیل،2001: 34)

لە یاسادا بەشێوەیەكی گشتی ماف و ئەرك دیاری دەكرێت بۆ ئەو مەبەستەش سزاش دیاری دەكات بۆ پێشێلكارەكان، هەندێك جار بەپێی چینەكانی كۆمەڵگا و پیشەو كایە جیاكان وا پێویست دەكات یاسای تایبەتمەندی خۆیان هەبێت و چونكە ماف بۆ هەموو چینە جیاكان ناتوانرێت هەندێك جار لەیەك یاسادا ماف و ئەركەكانیان بەتەواوەتی ووردی جێگەی بۆ بكرێتەوە،لە ڕووی زاراوە یاسا لە زمانی كوردیدا هاو واتایە بەرامبەر بە (قانون) زمانی عەرەبی و (Low) زمانی ئنگلیزی. (محمود،23:2020)

## 14-بەربەستی كۆمەڵایەتی:

توێژەر بەشێكی دانەبڕاوەی كۆمەڵگایە،تاكێكە لە تاكەكانی هەر كۆمەڵگایەك،هەموو توێژەرێك لایەنی كۆمەڵایەتی پێك دێت لە لایەنی (تایبەت،پیشەكەی) لایەنی كۆمەڵایەتی توێژەرێك كە تایبەتمەند بێت بە پیشەكەیەوە خۆی دەبینێتەوە، لە سەرجەم ئەو پەیوەندیە كۆمەڵایەتی كە هەیەتی بە هۆی پیشەی توێژەرێكەیەوە،بە ئەو توێژینەوە زانستیانەی كە ئەنجامی دەدات،لەگەڵ هەر جۆرێك لە جۆرەكانی دیكەی نووسینی ئەكادیمیەكەی ئەو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیانەش وەكو مشتە (عینە) وكۆمەڵگای توێژینەوە زانستیەكەی،پەیوەندی توێژەرەكە لەگەڵ هاوڕی توێژەرەكانی دیكەی و پەیوەندی توێژەرەكە لەگەڵ سەرپەرشتیارو ئەو (دامەزراوە،لایەن،ناوەند)كە توێژینەوە زانستیەكەی بۆ ئەنجامدەدات (عبدالعزیز ، 2005: 87)

## 15-بەربەستی هۆشیاری:

هۆشیاری پێویستیەكی جیانەكراوەی هەموو بوونەوەری زیندووە بەشێوەیەك كە هەموو بوونەوەرەكان كە ژیریان لە مرۆڤ كەمترە،بە مرۆڤیشەوە بەتایبەتی پلە باڵای ئەوانەشی كە پێیان دەوترێت خشۆكەو مەمكدارەكان،لە ڕووی زاراوە هۆشیاری لە زمانی كوردیدا هاو واتایە بەرامبەر بە هەریەك لە وشەی (وعی) عەرەبی و (Awareness) زمانی ئینگلیزی، هۆشیاری بە هەموو جۆرە جیاوازەكانیەوە یەكێكە لە ئەو پێداویستیە گرنگانەی كە كار ئاسانی بۆ مرۆڤ دەكات،كە ژیانێكی ئارام و ئاسایشی هەبێت،مرۆڤ لە ڕێگەی هۆشیاریەوە دەتوانێت مافەكانی خۆی بزانێت لەگەڵ ئەرك و بەرپرسیاریەتیەكانی،هەبوونی هۆشیاری بەشێوەیەكی گشتی بۆ مرۆڤ لە سەرجەم بوار وكایە جیاوازەكاندا یەكێكە لە پێداویستیە گرنگەكان،هۆشیاری شتێك نیە كە مرۆڤ لەگەڵ لەدایكبوونیدا هەیبێت و بیزانێت. (جەمال،2006: 78)

مرۆڤیش ئەگەر خاوەن هۆشیاری نەبێت ناتوانێت بژین،مرۆڤ لەیەكەم ڕۆژی لەدایكبوونیەوەو هەست (حس) كە ئەمیش بە جەستە دەكرێت،هەر مرۆڤێك كە لە دایك دەبێت ئەو هەستەی نەبێت دەمرێت،قۆناغی دووەم كە ووردە ووردە لەدوای مانگێك لە دایكبوونی دێت كە ئەویش (هۆش)ە،دەستپێدەكات واتا هۆشیاری بە پلەیەكی نزم دەستپێدەكات،هۆشیاری لە كەسێك بۆ كەسێكی دیكە و لەسەردەمێك بۆ سەردەمێكی دیكەو لە شوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە دەگۆڕێت،جیاوازە هەمیشە هۆشیاری هەر لە سەرەتای لەدایكبوونیەوە تا ووردە ووردە دەستپێدەكات و لە گەڵیا كەم و زیاد دەكات،بەڵام ئەوەی ڕۆڵ دەگێڕێت لە كەم و زیادبوونی هۆشیاری ژینگەو بارودۆخ و گوزەران كەسەكەیە،هۆشیاری یەكێكە لە ئەو بنەمایانەی كە كەسێك یاخود وڵاتێكی پێشكەوتوو یان دواكەوتوو لە یەكتر جیادەكاتەو،تەنانەت دیاریشی دەكات، بڵاوكردنەوەی هۆشیاری ئەركی هەموو لایەكە وەكو (دەوڵەت و دامەزراوەوكانی ڕاگەیاندن و كۆ گەیاندن)،هەر هۆشیاریە ڕۆڵدەگێڕێت لە دەستەبەركردنی خۆشگوزەرانی و پێشكەوتن و پەرەسەندن وبەرەوپێشچوون،كۆمەڵگاو تاك وڵات(غازی,2017: 81)

## باسی دووەم

## توێژەر

### 1-چەمكی توێژەر:

توێژەر بە شێوەیەكی گشتی بە ئەو كەسە دەوترێت كە هەڵدەستێت بە نووسینی توێژینەوەی زانستی،یان جۆرێكی دیكە لە جۆرەكانی نووسینی ئەكادیمی،توێژەر لە سەردەمی ئێستاماندا پیشەیە بە ئەو مانایەی كە كۆمەڵە كەسانێك لە ناو دامەزراوەو شوێن و ڕێكخراو،كاری توێژەری دەكەن و توێژەربوونیان بووە بە سەرچاوەیەكی بژێوی ژیانیان،لەلایەكی دیكەوە توێژەر بوون زانستە بەشێوەیەك لە ئێستادا لە ناوەندە ئەكادیمیەكانی وەكو زانكۆ پەیمانگاكان بە دەیەها توێژەر هەن و پێدەگەیەنرێن و ڕاهێنانیان پێدەكرێت،جگە لە هەبوونی دەیەها سەرچاوەی زانستی جۆراو جۆر لەسەر بابەتی توێژەر بەشێوەیەكی گشتی وەلەلایەكی دیكەوە،توێژەر بوون هونەرە بە شێوەیەك كە كۆمەڵە كەسانێك بەشێوەیەكی خۆڕسك تێیاندایەو دەتوانن لە دوای خوێندنی

بابەتەكانی نووسنی توێژینەوەی زانستی یان نووسینی ئەكادیمی بن بە توێژەرێكی بلیمەت سوود لە هونەری توێژەر بوونیان وەربگرن. (جاسم،2004: 99)

لەڕووی زاراوەوە توێژەر لە زمانی كوردیدا هاو واتایە بەرامبەر بە هەریەك لە زاراوەی (باحث) زمانی عەرەبی، (Researcher) زمانی ئینگلیزی،پێویستە كەسێك كە بە توێژەر دابنرێت بە تەنها مەرج نیە لە ناوەندێكی ئەكادیمی بخوێنێت بە توێژەر دابنرێت،بەڵكو پێویستە ئەو كەسە توێژینەوەیەكی زانستی بنوسێت یاخود جۆرێك لە جۆرەكانی دیكەی ئەكادیمی بنوسێت (جابر،2019: 75) هەموو توێژەرێك پێویستە چەندین تایبەتمەندی جۆراوجۆرو جیاوازی هەبێت، لەگرنگترین ئەو تایبەتمەندیانە بریتین لەمانەی خوارەوە (عیسا،2009: 33 ) :-

1) هەبوونی خولیای زانستی نوێ.
2) شارەزای لە شێوازەكانی توێژینەوە.
3) سەبرو خۆڕاگری.
4) ئارەزووی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی.

## 2-تەكنیكەكانی توێژەر:

سەرچاوەكان زانستیەكان ئاماژە دەكەن بۆ چەندین جۆری تەكنیك كە پێویستە هەر توێژەرێك بیگرێتە بەر پێش نووسینی توێژینەوەو زانستیەكەی،لە گرنگترینیان ئەو تەكنیكانەبریتیە لە (عقیل،2011: 85) :

یەكەم: ڕاوێژكاریكردنی خوودی: كە دیارە مەبەست لێ ئەوەیە كە پێویستە پێش هەموو شتێك توێژەر ڕاوێژبكات لە گەڵ خوودی خۆیدا،لێكدانەوە بكات بۆ بارودۆخی (ئابووری، كۆمەڵایەتی،زانستی) دواتر لە كۆتایدا بەپێی تواناو ئەزموون و لێهاتووی خۆی بڕیاربدات لەسەر كێشەی بابەتێك لە بابەتەكانی پسپۆڕیەتی خۆی و توێژینەوەی زانستی ئەنجامبدات، چونكە ئەگەر ڕاوێژكاری خودی نەبێت لەوانەیە توێژەرەكە توێژینەوەی زانستی ئەنجامبدات لەگەڵ توانای مرۆی و مادی نەگونجێت و ئاستەنگی بۆ دروست ببێت یان نەتوانێت بە تەواوی بكات،بۆیە ڕاوێژكاری خوودی گرنگە بە پێزە بۆ ئەوەی توێژەرەكە ڕووبەڕووی حاڵەتێكی نەخوازراوی لە ئەو چەشنەی سەرەوە نەبێتەوە.

دووەم: گەڕان لە كتێبخانە ئەلیكترۆنی چاپكراوەوكاندا:لە ئەم قۆناغەدا پێویستە توێژەرەكە بگەڕێت بە دوای ئەو توێژینەو پێشوانەی كە ئەنجامدراون لەلایەن توێژەرەكانی پێش خۆی،دیارە مەبەست لە توێژینەوەكانی پێشوو ئەوەویە كە پێشووتر توێژەرێك توێژینەوەی زانستی ئەنجامیاوە لەسەر ئەو كێشەو بابەتی پسپۆڕیەتی خۆی و كە بڕیارە توێژینەوەی ئێستا بە چەشنێكی دیكەو ڕێبازو ڕێكار،جیاوازتر توێژینەوەی زانستی ئەنجامبدات،لەسەری چونكە خاڵی ئەرێنی ئەم تەكنیكە ئەوەویە كە توێژەر ڕۆشتووەتە سەر توێژینەوەكانی پێشوو كە ئەنجامدراوە كە لە توێژینەوەكەی پێشوودا بەشی پێشنیار و ڕاسپاردەكاندا بزانرێت توێژەرەكە ڕاسپاردەی چی كردووە لەوانەیە ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەی بیرۆكەیەك بێت بۆ دروستكردنی توێژینەوەویە بۆ ئێستا،هەر بۆیە گرنگە توێژەر چاو لە توێژینەوەكانی پێشوو بكات. (المشاقبە،2010: 28)

چوارەم: كۆكردنەوەی سەرچاوە و زانستیەكان،دوای بڕیاردانی توێژەرەكە كاربكات لەسەر بابەتێكی دیاریكروی توێژینەوەی زانستی،توێژەر پێویستە دەست بكات بە كۆكردنەوەی سەرچاوەی زانستی لەسەر بابەتی توێژینەوەكە گوڕاوەكان تاوەكو سەرچاوەكان تازەترین باشتر. (أبو علاء،2005: 57)

## 3-پاڵنەرەكانی توێژەر:

هەموو توێژەرەرێك كە توێژینەوەیەكی زانستی ئەنجام دەدات ئەوە پاڵنەرێكی هەیە بۆ ئەنجامدانی واتا هیچ توێژینەوەیەكی زانستی بێ پاڵنەر نیە ئیدی ئەو پاڵنەرە هەر جۆرە پاڵنەرێك بێن،زۆر جار جۆری پاڵنەرەكان ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریكردنی جۆری ئەو بابەتەی كە توێژەرەكە،توێژینەوەو زانستیەكەی لەسەر ئەنجامدەدات،تەنانەت پاڵنەرەكانی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ڕۆڵ دەبینێت لە چەندایەتی و چۆنایەتی توێژینەوەو زانستیەكە (عبید، 94: 2012)، هەر بۆیە بەپێی سەرچاوە جۆراو جۆرو جیاوازەكان ئاماژەی جیاكراوە بۆ جۆری ئەو پاڵنەرانە، لە گرنگترینیان بریتیە لەئەمانەی لای خوارەوە: (یسام، 124: 2009)

یەكەم: پاڵنەری خۆی: ئەم جۆرە پاڵنەرە مەبەست لێ ئەوەیە كە توێژەرەكە بەهێزی خۆشەویستی بۆ زانست و زانیاری وادەكات كە توێژینەوە زانستیەكەی ئەنجامبدات،لەسەر بابەتێك لە بابەتەكان،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زۆر كەس هەیە بەشێوەیەكی سروشتی ئارەزووی ئەنجامبدانی توێژینەوە زانستی دەكەن و گەڕان بە دوای زانین و ڕاستیەكان.

دووەم: پاڵنەری خۆئامادەکردن بۆ پلەیەکی زانستی: ئەمجۆرە لە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ئەنجامدەدرێت لەلایەن ئەو جۆرە توێژەرانەی کە خواستیان هەیە کە پلەیەکی زانستی بەدەست بهێنن وەکو دبلۆم و ماستەر و دکتۆرا.

سێیەم: پاڵنەری بە دەستهێنانی خەڵات و دیاری:ئەم جۆرە لە پاڵنەر کە وادەکات توێژەرەکە توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجامدەدا،پاڵنەرەکەی هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە بۆ ئەوەیە ئەو توێژەرە خواستی هەیە،ئەو خەڵاتە بە دەست بهێنێت لە دانراوە لە پێشبرکێکیە بۆ براوەکانی،زۆر جار ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توێژەکان کۆنفرانس سازدەکەن باشترین توێژینەوەکان لەسەر ئەو بنەمایەی کە خۆیان دایان ناوە،باشترینەکان خەڵات دەکرێن ئەمەش زۆر جار هانی توێژەرەکان دەدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هەر بۆیە ناوی پاڵنەری ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیەکە لە ئەووە هاتووە.(منزر،2012: 94)

چوارەم: پاڵنەری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی:زۆر جا ئەو توێژەرانەی کە لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی وەکو زانکۆ پەیمانگاکانن،بەپێی ڕێکخستن (سیستەم) ی ئەو ناوەندە،وا داڕێژراوە و پێویستە توێژەرەکان،توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن،وەکو پێداویستیەك بۆ بۆ بە دەستهێنانی ئەو پلە زانستیە،بۆیە ئەم جۆرە لە توێژینەوەی زانستی بە ئەو چەشنە باسکراوەو کە ناوی لێنراوە. (أبراهیم،2004: 89)

پێنجەم: پاڵنەری پەیوەستبوون بە کاری فەرمانبەری:کۆمپانیاو دامەزراوەکان ناوەندەکان،ژمارەیەك فەرمانبەر دادەمەزرێن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە سەر ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەناو کۆمپانیاو دامەزراوەکان هەن،بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو پێشنیارە زانستیانەوە چارەسەری ئەو کێشەو گیروگرفتانە بکەن کە لە ناو کۆمپانیاو دامەزراوەکان دایە،هەر بۆیە ئەم جۆرە پاڵنەرە بە ئەو جۆرە ناونراوە توێژەرەکە فەرمانبەری کۆمپانیاو دامەزراوەکانبێت،بۆیە توێژینەوەی زانستی ئەنجامدەدات. (الکبسی،2002: 77)

حەوتەم: پاڵنەری خۆشەویستی و حەز بۆ بەناوبانگی و بەدیارکەوتن،زۆر جار ئەو توێژەرەی کە توێژینەوەی زانستی دەنووسێت لەسەر بابەتێك لە بابەتەکات،ڕەنگە تاکە هۆکارێك لە وای لێبکات کە توێژینەوەی زانستی بنوسێت،ئەوە بێت هۆکارەکەی کە ئەگەر بێت و لە ئەو ماوەیەدا ئەو بابەتەی کە بووە بە کێشە توێژینەوەی زانستی لەسەر بنوسێت، لەبەرامبەریدا ناوبانگێك پەیدا بکات،بەواتایەکی دیکە ئەگەر هاتوو لە ماوەیەکدا کێشەیەك ڕوویدا،کە لە ڕووی زانستیەوە پێویستی بە ئەوە بێت کە توێژەرەکە پێشنیاری زانستیانەی خۆی بکات،لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستیەوە ئەوە ئەگەر هات و توێژەرەکە توێژینەوەی زانستی ئەنجامدا بە ئەو هۆیەوە ناوبانگ بە دەستدەهێنێ. (الزنابی,2000: 98)

## 4-ناپاکی ئەکادیمی توێژەر:

ناپاکی ئەکادیمی توێژەر خۆی دەبینێتەوە لە چەندین شێوەو جۆری جیاوازی لە دیارترینیان بریتیە لە (گزیکردن و پابەند نەبوونی توێژەر بەبنەما ئاکاریەکان) دیارە لە ڕووی زاراوەشەوە گزیکردن لە زمانی کوردیدا هاو واتایە بەرامبەر وشەی ( Academic Dishonecke ) کە گزیکردن بەمانا گشتگیریەی بە مانای فێڵکردن و گزیکردن و دزینی بەرهەم و کۆشش و هەوڵ وماندوبوونی کەسانی دیکەیە هەر کارو کردەوەیەکی دیکە کە پێشێلکاری بێت. (ماجد،2003: 84)

بەرامبەر مافی کەسێکی دیکە،دیارە ئەمەش زیاتر لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی وەکو زانکۆ پەیمانگاکاندا ڕوودەدات زیاتر و زۆرتر لە نێو توێژەرەکاندا،زۆر جار لە ڕێکخستەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم ناپاکی ئەکادیمی توێژەرانە بە یاساو ڕێنمای و پێشکەوتنی دیجیتاڵی چاودێریکردن چڕکراوەتەوە،لە ڕووی زاراوەوە گزیکردن لە زمانی کوردیدا هاوواتایە بەرامبەر وشەی (Plagiarism) ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی (pldagiarize) وەرگیراوە کە بە واتای ڕفاندن دێت. (سعد،2013: 76)

دیارە مەبەست لێ کەسێکی ڕفێنەرە کە هەوڵی ڕفاندنی شتێك دەدات کە خۆی خاوەنی نیە بەڵکو بەرهەم و ماندووبوون و ڕەنجی کەسانی دیکەیە،دیارە چەندین هۆکاری جۆراوجۆر جیاواز بوونی هەیە بۆ ئەوەی ناپاکی ئەکادیمی لەلایەن ڕووبدات توێژەرەوە لە گرنگترینیان بریتیە لە (عبدالرحمان،2002: 43) :

1) نەشارەزای لە بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی بەشێوەیەکی گشتی و توێژینەوەی زانستی بەتایبەتی

2) بێ توانای لە ڕێکخستنی کات

3) ئارەزووی لە گەشتن بە پلەی بەرز

4) هەست نەکردن بە بنەمای کار

5) پەروەردەی هەڵە

6) ترس لە شکست

7) سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

8) هەستکردن بە زیان

9) پشتگوێ خستنی سەرچاوەکان

10) نووسینگەی بازرگانی بۆ گزیکردن

**5-ئامرازەکانی بەردەست توێژەر:**

هەموو توێژەرێك كۆمەڵێك ئامرازی جیاوازی لە بەردەستدایە بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی یان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی،لەگرنگترین ئەو ئامرازانەش بریتین لە (ندیم،2005: 45):-

*توێژینەوەکانی پێشوو: مەبەست لێ سەرجەم ئەو توێژینەوە زانستیانە دەگرێتەوە کە توێژەرەکەی ئێستا،دەتوانێت لێیوە شارەزا و سوود وەرگرێت و بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمیەکەی لەوەش زیاتر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بەجۆرێك لە چارەسەری پەسەند داهێنەرانەی کێشەیەك لە کێشەکانی بواری پسپۆڕی توێژەرەکان،واپێویست دەکات توێژەر بە ووردی ئاگاداری ئەو توێژینەوانە بێت کە پێشووتر ئەنجامدراون پێیان دەوترێت توێژینەوەکانی پێشوو لە هەمان بواری پسپۆڕی ئەو بابەتەی کە توێژەرەکەی ئێستا دەیەوێت توێژینەوە زانستیەکەی لە سەر بنوسێت.

پێویستە توێژەر هەردەم لە پرسیارکردن و سۆراغکردن بێت،بۆ ئەوەی تازەترین توێژینەوەی زانستی لەبواری پسپۆڕی خۆیدا دەستە بەربکات تاوەکو لە ئەو پێناوەدا وەکو ئامرازێك بەکاریبهێنێت بۆ توێژینەوە زانستیەکەی خۆی،توێژینەوەکانی پێشوو جگە لە ئەوەی بەشێکە لە بەشەکانی ڕێبازنامەی توێژینەوەی زانستی لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر دەتوانێت سوود لەسەرجەم بەش و بابەتەکانی توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێ.

*ئامرازە ئەکادیمیەکان: خۆی دەبینێتەوە لە چەندین ئامرازی جیاواز لە گرنگترینیان بریتیە لە سەرچاوە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی وەکو (کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، توێژینەوەی زانستی) کە هەموو ئەمانە لە بەشی لە زانیارینامەی توێژینەوەی زانستی بەکاردەهێنرێت هەریەك لە سەرچاوە جیاوازەکان ڕێگەو شێوازی تایبەتمەندی خۆی هەیە،بۆ ئاماژە پێکردنیان هەروەها کۆمەڵێك ئامرازی دیکەیش هەن کە لەلایەنی کردەنی نامەی توێژینەوەی زانستیدا بەکاردەهێنرێن بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان لەوانە ئامرازەکانی. (تێبینیکردن،چاوپێکەوتن،فۆرمی ڕاپرسی)

ئەمە جگە لە ئەوەی بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان ئاماژە دراوە بۆ ئامرازی دیکە،لەگرنگترین ئەو ئامرازانەش بریتین لە (نجف،2023: 98):

1) سوود وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕوشارەزا و ئەوانەی کە پێشووتر ئەزموونی توێژینەوەیان هەبووە لە ئەو بوار پسپۆڕیەی کە توێژەرەکەی ئێستا ئەیەوێت توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجامبدات.

2) ئامرازە تاقیگەیەکان: کە خۆی دەبینێتەوە لە سەرجەم ئەو ئامرازانەی کە لە تاقیگەدا هەن و تایبەتمەندن زیاتر بە زانستە پەتیەکان،توێژەرەکانی ئەو جۆرە لەزانست زیاتر بەکارهێنەر و سوودمەندن لە بەکارهێنانی لە توێژینەوە و زانستیەکانیاندا.

3) ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان: دیارە ئەمەیش مەبەست لێ ئەوەیە سەرجەم ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنیانە دەگرێتەوە و کە توێژەرێك لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیەکەی بەکاری دەهێنێت.

4) گۆگڵ سکوڵەر: یەکێکە لەبەشەکانی گۆگڵ خزمەتگوزاریەکانی گۆگڵە کە تایبەتمەندە بە چینی توێژەر کە هەر توێژەرێك هەر بابەتێك گەڕانی بۆ بکات بە شێوەی توێژینەوەو بۆی دەهێنێت.

**6-جۆرەکانی نووسینی ئەکادیمی توێژەر:**

توێژەر بەتەنها توێژینەوەی زانستی نا نووسێت،بەڵکو چەندین جۆری جیاوازی نووسین ئەکادیمی هەیە کە لەلایەن توێژەرەوە دەنووسرێت،لە گرنگترینیان بریتیە لە ئەمانەی لای خوارەوە(حسن،2014: 25) :

1) وتار (Essay)

2) ڕاپۆرت (Report)

3) کورتە نامەی زانستی (Summary Paper)

4) سانتێز (Syntthesise)

5) توێژینەوە (Research)

6) کورتە توێژینەوە (Mini Research paper)

7) پەرتووکی توێژینەوە (Research Book)

8) پێداچوونەوەی پەرتووك (Book review)

9) پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (Literature review)

10) پێداچوونەوەی هاوەڵان (peer review)

11) گۆڤاری زانستی (Journal)

هەریەکێك لەم جۆرانە لە نووسینی ئەکادیمی توێژەر دابەشدەبێتە سەر چەندین جۆری دیکە و چەندین لق و پۆی لێ دەبێتەوە، ئەمەش بە ئەم شێوازەی لای خوارەوە (حسین،2008: 78):-

ا- جۆرەکانی وتار بریتین لە:

1) وتاری وەسفی و گێڕانەوە

2) وتاری ڕوونکەرەوەی

3) وتاری شیکاری

4) وتاری ڕەخنەی

5) وتاری بەراوردکاری

6) وتاری پیشەی

7) وتاری ڕۆژنامەگەری

8) وتاری خودی

9) وتاری بابەتی

ب-جۆرەکانی ڕاپۆرت، دابەشدەبنە سەر ئەم جۆرانەی لای خوارەوە (محمد، 2015: 48) :

1) ڕاپۆرتی خولیەکان

2) ڕاپۆرتی تایبەت

3) ڕاپۆرتی بەدواداچوون

4) ڕاپۆرتی زانیاری

5) ڕاپۆرتی توێژینەوە

6) ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن

7) ڕاپۆرتی دارای و کارگێڕی

8) ڕاپۆرتی وەسفی

9) ڕاپۆرتی دیزاینی

10) ڕاپۆرتی کەسی

11) ڕاپۆرتی شیکاری

12) ڕاپۆرتی دەرەکی و ناوەکی

13) ڕاپۆرتی فەرمی و نافەرمی

14) ڕاپۆرتی ئەکادیمی

**لایەنی مەیدانی و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

**ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئامانجی و گرنگیەکەی لەوەدایە، توێژەر بە شێوەیەکی زانستی و لە ڕێگەی ڕێکارەکانی توێژینەوەی زانستی پابەند دەبێت پێیەوە.

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە**بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست و خوازراو توێژەر یەکێك لە میتۆدە زانستیەکانی بەکارهێناوە,ئەویش(میتۆدی وەسفی)ە,میتۆدی وەسفی دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆی و کۆمەڵایەتیەکاندا .دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە لە سۆنگەری جۆری کێشەی توێژینەوەکەیە,بەشێوەیەك بتوانرێت گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە بەرجەستە بکات,یەکێکی دیکەیە لە بنەما زانستیەکانی هەر توێژینەوەیەك. توێژەر بۆ توێژینەوەکەی,ڕێبازی(روپێوی تایبەت)ی بەکارهێناوە.

**دووەم: ڕێبازی توێژینەوەکە**

دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە لە سۆنگەری جۆری کێشەی توێژینەوەکەیە,بەشێوەیەك بتوانرێت گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە بەرجستە بکات,یەکێکی دیکەیە لە بنەما زانستیەکانی هەر توێژینەوەیەك،توێژەر بۆ توێژینەوەکەی,ڕێبازی(روپێوی تایبەت)یبەکارهێناوە کە تایبەتە بە بوارێکەوە.

**سێیەم: کۆمەڵی توێژینەوە**

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کە بریتی بووە لە سەرجەم توێژەرانی بەشی ڕاگەیاندنی قۆناغی چواری بەکالۆریۆسی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023) وەك کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاریکردووە,لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە پەیوەندیدارە بە کێشەی توێژینەوەکەوە و ئامانجی توێژینەوەکە دەهێنێتە دی,توێژەر بە شێوەی مشتەی مەبەستدار کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە لە(مشتەی مەبەستداردا توێژەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی ڕووماڵی گشتی هەڵدەبژێرێت بە پێی ئەو سیفات و تایبەتمەندیەی کە لە تاکەکان ئەو کۆمەڵگەیەدا بەدیدەکرێت,دەتوانێت ئامانجی توێژینەوەکە بهێنێتە دی.

بۆ ئەو مەبەستە توێژەر ناچاربووە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە ئەم جۆرە نموونەیە دیاری بکات,ئەویش لەبەر کەمی ئەو توێژەرانانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکو پێك و بەردەوام توێژینەوەی دەرچوون دەنووسن, کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم توێژەرانی بەشی ڕاگەیاندنی قۆناغی چواری بەکالۆریۆسی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و بەشی ڕاگەیاندنی ئێواران و بەیانیان زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین وەرگرتووە وەکو نموونە کە کۆی مشتەی توێژەران بۆ ساڵی خوێندنی(2022-2023)بریتی لە(203)توێژەرە. کۆی گشتی توێژەرەکانی زانکۆی سلێمانی(119)توێژەرە و کۆی گشتی توێژەرەکانی زانکۆی سەلاحەدین(84)توێژەرە.

**چوارەم: مشتەکەی توێژینەوەکە(sample)**

توێژەر بۆمشتەی توێژینەوەکەی مشتەی (الحصر الشامل )(کۆگیری)ی بەکارهێناوە, کۆگیر بە واتای وەرگرتنی هەموو ئەندامانی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە,لە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نموونە وەرناگیرێت,داتاو زانیاری لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەردەگیرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە لە نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە ئەو توێژەرانەی بەشی ڕاگەیاندنی قۆناغی چواری بەکالۆریۆسی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی کردوویەتیە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی مشتەی توێژینەوەکەش توێژەرانی زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین بەشی ڕاگەیاندنن ژمارەیان(203)توێژەرە

خشتەی ( 1 ) کۆمەڵەو نموونەوی توێژینەوەکە
مشتە توێژینەوە (توێژەرانی بەشی راگەیاندن) لە زانکۆی سلێمانی – زانکۆی سەلاحەدین

| کۆی گشتی | زانکۆی سەلاحەدین | | زانکۆی سلێمانی | |
|---|---|---|---|---|
| | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| 203 | 21 | 63 | 77 | 42 |
| %100 | 25 | 75 | 64.71 | 35.29 |
| | 84 | | 119 | |

بەپێی خشتەی (1) کە تایبەتە بە کۆمەڵگەو مشتەی توێژینەوەکە,کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم توێژەرانی بەشی ڕاگەیاندنی قۆناغی چواری بەکالۆریۆسی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان,مشتەی توێژینەوەکە بریتیە لە توێژەرانی قۆناغی چواری بەشی ڕاگەیاندنی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆی سلێمانی و سەڵاحەدین بۆ ساڵی خوێندنی(2022-2023) کە کۆی گشتیان بریتیە لە(203)توێژەر پێکدێت و توێژەرانی ڕەگەزی کوڕی زانکۆی سلێمانی(43) توێژەر کە ڕێژەکەیان پێکدێت لە(35,29) لە کۆی(119) توێژەری زانکۆی سلێمانی,توێژەرانی ڕەگەزی مێ زانکۆی سلێمانی(77) توێژەر کە ڕێژەکەیان پێکدێت لە(64,71) لە کۆی(119) توێژەری زانکۆی سلێمانی,وەهەروەها توێژەرانی ڕەگەزی کوڕی زانکۆی سەڵاحەدین(63) توێژەر کە ڕێژەکەیان پێکدێت لە(75) لە کۆی(84) توێژەری زانکۆی سەلاحەدین,توێژەرانی ڕەگەزی مێ زانکۆی سەڵاحەدین (21) توێژەر کە ڕێژەکەیان پێکدێت لە(25) لە کۆی(84) توێژەری زانکۆی سەڵاحەدین

**پێنجەم: سنوری توێژینەوە**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی چەند سنورێکی هەیە,سنورەکانی ئەم توێژینەوەیش بریتیە لە ئەمانەی لای خوارەوە ئەوانیش بریتین لە:-

1- **سنوری مرۆی:** لە ئەم سنورەدا توێژینەوەکەدا (203) فۆرم بەسەر ئەو توێژەرانەدا دابەشکراوە کە لە قۆناغی چواری بەشی ڕاگەیاندنی بەیانیان و ئێوارانی زانکۆی سلێمانی و سەڵاحەدین توێژینەوەی زانستیان ئەنجامیاوە وتەواویانکردووە,وەکو بەشێك لە پێداویستیەکانی دەرچوونیان.

2- **سنوری بابەتی**:بریتیە لەسەرجەم ئەو بەربەستە (جەستەی و دەرونی و ئەکادیمی و کارگێڕی و زانستی و زمان و کات و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و یاسای و کارگێڕی و ئەرشیفی،کە توێژەر دێتە پێشی لە توێژینەوەکانی قۆناغی چواری بەکالۆریۆسدا لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکانی دەرچونیانی.

3- **سنوری کات**: لەئەم توێژینەوەیەدا,سنوری کات زۆر بەهەند وەرگیراوە ئەویش بریتیە لە توێژەرەکانی ساڵی خوێندنی (2022-2023) ساڵی خوێندن قۆناغی چواری بەکالۆریۆسی.

**شەشەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری توێژینەوەکە**

هەموو ڕێکارێکی توێژینەوە پشت بە چەند ئامرازێك دەبەستێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست، توێژەر بۆ ئەم توێژینەوە زانستیە پشتی بە ئامرازە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ توێژینەوە زانستیەکەی بۆ ئەو مەبەستە توێژەر توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بۆ بابەتی (ڕەنگدانەوەی بەربەستەکانی بەردەم توێژەر لە توێژینەوە زانستیەکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانیدا)وەرگرتووە,کە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە ئەو بەربەستانە خراونەتە ڕوو کە توێژەرەکان رووبەڕووی دەبنەوە هەروەها لە توێژینەوەو زانستیەکاندا ڕەنگیاوەتەوە، لە فۆرمەکەدا، کۆمەڵێك پرسیاری جۆراوجۆرو جیاوازو پەیوەست بە یەکتردانراون و پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوەکە دانراون,جۆری فۆرمی ڕاپرسیەکە بریتیە لە (فۆرمی ڕاپرسی داخراو)

باسی دووەم: ئەنجامی شیکاری فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە

خشتەی (2) تایبەتمەندیەکانی مشتەی توێژینەوەکە.

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 105 | 51.7 | 203 | %100 |
| | مێ | 98 | 48.3 | | |
| گۆڕاو | باری خێزانی | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| باری خێزانی | سەڵت | 174 | 85.7 | 203 | %100 |
| | خێزاندار | 22 | 10.8 | | |
| | جیابۆوە | 7 | 3.4 | | |
| | تاکمردوو | 0 | 0 | | |
| گۆڕاو | شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندیپارێزگا | 147 | 54.0 | 203 | %100 |
| | قەزا | 32 | 11.8 | | |
| | شارەدێ | 24 | 8.8 | | |
| | لادێ | 0 | 0 | | |
| گۆڕاو | توانستی زمان | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| توانستی زمان | عەرەبی | 133 | 65.5 | 203 | %100 |
| | ئینگلیزی | 47 | 23.2 | | |
| | زمانی تر | 23 | 11.3 | | |
| گۆڕاو | داهاتی مانگانەی خێزان | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| داهاتی مانگانەی خێزان | ٢٥٠ – ٥٠٠ هەزار دینار | 104 | 51.2 | 203 | %100 |
| | ٥٠١ – ٧٥٠ هەزار دینار | 41 | 20.2 | | |
| | ٧٥١ – یەک ملیۆن دینار | 29 | 14.3 | | |
| | سەروو یەک ملیۆن دینار | 29 | 14.3 | | |
| گۆڕاو | مێژووی خوێندن | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| مێژووی خوێندن | قۆناغی یەکەم | - | - | 203 | %100 |
| | قۆناغی دووەم | - | - | | |
| | قۆناغی سێیەم | 75 | 20.0 | | |
| | قۆناغی چوارەم | 128 | 80.0 | | |
| گۆڕاو | ڕەگەزی سەرپەرشتیار | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| ڕەگەزی سەرپەرشتیار | نێر | 49.3 | 66.0 | 203 | %100 |
| | مێ | 25.4 | 34.0 | | |

لە خشتەی سەرەوەدا، تایبەتە بە تایبەتمەندیەکانی مشتەی توێژینەوەکە، سەبارەت بە گۆڕاوی ڕەگەز توێژەر (2) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر (105) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە (51.7). هەروەها گۆڕاوی ڕەگەزی مێ (98) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە (48.3).

سەبارەت بە گۆڕاوی باری خێزانی توێژەر (4) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی سەڵت (174) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە (85.7). هەروەها گۆڕاوی خێزاندار (22) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (10.8). وە سەبارەت بە گۆڕاوی جیابۆوە (7) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (3.4). لەگەڵیشیدا گۆڕاوی تاکمردوو (0) توێژەرە توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (0).

سەبارەت بە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون توێژەر (4) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە نیشتەجێبووی ناوەندی پارێزگانن (147) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (54.0). هەروەها کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە نیشتەجێبووی قەزاکانن (32) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (11.8). کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە نیشتەجێبووی شارەدێیەکانن (24) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (8.8). لەگەڵ ئەوەشدا کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە نیشتەجێبووی لادێەکانن (0) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (0).

سەبارەت بە گۆڕاوی توانستی زمان توێژەر (3) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە زمانی عەرەبی دەزانن (133) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە (65.5). هەروەها گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە زمانی ئینگلیزی دەزانن (47) توێژەرە کە ڕێژەکەیان بریتیە لە (23.2). سەبارەت بە گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە زمانی تر دەزانن (23) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە (11.3).

سەبارەت بە گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزانی ئەو توێژەرانەی کە توێژینەوەی دەرچوون ئەنجامدەدەن، توێژەر (4) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لە نێوان (250-500) هەزار دینارە (104) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە (51.1) هەروەها، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لە نێوان (501-750) هەزار دینارە (41) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە (20.2). گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لە نێوان (751 یەك ملیۆن دینار) هەزار دینارە (29) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە (14.3). کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لەسەرووی (یەك ملیۆن) دینارە (29) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە (14.3).

سەبارەت بە گۆڕاوی مێژووی خوێندنی وانەی توێژینەوەی زانستی بۆ یەکەمین جار لەلایەن، ئەو توێژەرانەی کە توێژینەوەی دەرچوون دەکەن، توێژەر (4) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە لە قۆناغی یەکەم و دووەم وانەی توێژینەوەی زانستیان خوێندووە بۆ یەکەم جار (0) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە(0). لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە لە قۆناغی سێیەمدا وانەی توێژینەوەی زانستیان خوێندووە بۆ یەکەم جار (75) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە(20.0). کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە لە قۆناغی چوارەمدا وانەی توێژینەوەی زانستیان خوێندووە بۆ یەکەم جار (108) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە (80.0).

سەبارەت بە گۆڕاوی ڕەگەزی سەرپەرشتیار، توێژەر (2) هەڵبژاردەی داناوە، کۆی گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە ڕەگەزی سەرپەرشتیاری توێژینەوەی دەرچوونەکەیان نێر بووە (49.3) توێژەرە لە کۆی گشتی (203) توێژەر و ڕێژەکەیان بریتیە لە (66.0). هەروەها گۆڕاوی ئەو توێژەرانەی کە ڕەگەزی سەرپەرشتیاری توێژینەوەی دەرچوونەکەیان مێ بووە (25.4) توێژەرە و ڕێژەکەیان بریتیە لە (34.0).

کەواتە ئەمیش بە هۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەی و ئابووری،مێژووی،کە وادەکات دەرفەت زیاتر بڕەخسێنێت بۆ نێرینەکان وەك لە مێینەکان بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا، لە ڕوویەکی دیکەوە زۆری ڕێژەی سەرپەرشتیاری نێر وەك لە مێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە دیارە ئەمەش بە هۆی ئەوەیە تاوەکو ئەو سەرپەرشتیارانە لە سەردەمانێك خوێندنیان تەواوکردووە بوون بە توێژەرو لە ئێستایشدا سەرپەرشتیارن، کە سەردەمی حکومەتی بەعس بووە، لە ئەو کاتەشدا بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوەندە جێگیر نەبووە، کە مێینەکان بە زۆری بتوانن شان بەشانی نێرینەکان بخوێنن و خوێندنیان تەواوبکەن، بچنە ناو ناوەندە ئەکادیمیەکان و ببنە توێژەر دواتر سەرپەرشتیار لە ئێستادا، ئەم هۆکارە کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش وای کردووە کە ناهاوسەنگی هەبێت لە ڕووی ڕەگەزیەوە لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا لەڕووی ڕەگەزەوە، بەڵام لە ئێستادا هاوکێشەکە وورده وورده خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە،بە چەشنێك لەلایەن بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوەکان بە پاڵپشتی دارای نێودەوڵەتی ولەلایەکی دیکە فشاری ڕۆشنبیر و چالاکوانەکانەوە و ڕاگەیاندن،، بانگەشە دەکرێت بۆ هاوسەنگی ڕەگەزی لە ناوەندو دامەزراوەکاندا، وایکردووە کە ڕێژەکەی ڕەگەزی مێ لە ناوەندە ئەکادیمیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات ئەمە جگە لە ئەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری،بە چەشنێکە کە هاوکارو هەماهەنگە لەگەڵ مێینەکان کە هاوشان لەگەڵ نێرینەکان دەرفەتی جۆراوجۆریان بۆ بڕەخسێت لەوانە بوونیان بە سەرپەرشتیار، ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان ناهاوسەنگیەکەی باشتر کردووە

لەلایەکی دیکەوە کۆچی بە لێشاوی گەنجان بەگشتی وە بەتایبەتی ڕەگەزە نێرەکان وای کردووە ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەگەزی نێرینەکان کەمبکاتەوە، بەرەو هاوسەنگی بچێت لەگەڵ ڕێژەی مێینەکان.

خشتەی (3) ناوەندی ژمێرەیی و پەیوەندی تەوەرەکان بەنمرەی گشتی بە فۆرمی ڕاپرسی

| تــەوەر | بـــڕگە | ناوەندی گریمانەی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری 05) ،(0 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئابووری | 3 | 58 | 492611 ،4 | 077995 ،1 | 589 ،0 | 00 ،0 |
| سیاسی | 1 | 50 | 22.7488 | 2.68493 | 428 ،0 | 00 ،0 |
| ئاینی | 1 | 50 | 433645 ،1 | 619671 ،0 | 488 ،0 | 00 ،0 |
| ئەکادیمی و زانستی | 15 | 78 | 748768 ،22 | 684930 ،2 | 784 ،0 | 00 ،0 |
| کارگێڕی | 16 | 68 | 24.4828 | 5.28340 | 589 ،0 | 00 ،0 |
| ئەرشیفکردن | 3 | 58 | 4.5665 | 1.86931 | 828 ،0 | 00 ،0 |
| زمان | 3 | 58 | 4.6256 | 2.02893 | 518 ،0 | 00 ،0 |
| ڕێبازنامە(میتۆدنامە) | 12 | 76 | 18.1330 | 5.01947 | 686 ،0 | 00 ،0 |
| خوودی | 10 | 56 | 15.3399 | 3.76378 | 551 ،0 | 00 ،0 |
| دابوونەریت | 3 | 58 | 4.5911 | 1.55917 | 320 ،0 | 00 ،0 |
| سەرپەرشتیار | 4 | 59 | 935962 ،5 | 582965 ،1 | 631 ،0 | 00 ،0 |
| بەربەستەکان | 11 | 57 | 16.8621 | 4.31790 | 532 ،0 | 00 ،0 |

هەروەها لە خشتەی سەرەوەدا، کە تایبەتە بە ناوەندە ژمێری وپەیوەندی بەنمرە گشتی بە فۆرمی ڕاپرسی کە بۆ ئەو مەبەستە توێژەر (12) تەوەری داناوە، کە بۆ هەر تەوەرێك پێکهاتووە لە چەندین برگەی جۆراوجۆروجیاواز، کە ئەو برگانەش ئاراستەی، خوودی توێژەرەکانی بەشی ڕاگەیاندن (بەیانیان وئێواران)ی کە توێژینەوەی زانستی دەرچوون ئەنجامدەدەن لە قۆناغی بەکالۆریۆسی، زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین بونەتە مشتەی توێژینەوەکە، کە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ تەوەری ئابووری (0، 589) بۆ تەوەرەی سیاسی (0، 428) بۆ تەوەری ئاینی (0، 488) بۆ تەوەری ئەکادیمی و زانستی (0، 784) بۆ تەوەری کارگێڕی (0، 589) بۆ تەوەری ئەرشیفکردن (0، 828) بۆ تەوەری زمان (0، 518) بۆ تەوەری ڕێبازنامەی(0، 686)بۆ تەوەری خوودی (0، 551) بۆ تەوەری دابوونەریت (0، 320) بۆ تەوەری سەرپەرشتیار (0، 631)، ئەمەش هەموو تەوەرەکان بەهایەکی بەرزو ئاماژەیە بوونی پەیوەندیەکی بەهێزە لەنێوان هەردوو تەوەرەکە و نمرەی گشتی فۆرمی ڕاپرسیەکە، واتە بەشێوەیەکی ڕاستەوانە زیاد دەبێت، بەپێچەوانەیشەوە ڕاستە، بەڵام بۆ زانینی، ڕەنگدانەوەی بەربەستەکانی بەردەم توێژەر لە توێژینەوە زانستیەکاندا، توێژەر ڕێگەی (Regression Model) و ئەنجامی هاوکۆلکەی بۆ تەوەرەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی، ئەنجامەکەی لە خشتەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (4) ئەنجامی هاوکۆلکەی (Regression Model) بۆ تەوەرەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی

| تـــەوەر | زانیاری نـــاپێوەری | بەهای (T) | بەهای بەڵگەداری (0.05) | بەهای نزمبوونەوەی هێڵی (R2) | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئابووری | 1.20 | 19.02 | 0.00 | 0.931 | 118.99 | 0.00 بەڵگەدارە |
| سیاسی | 1.64 | 24.95 | | | | |
| ئاینی | 1.01 | 18.12 | | | | |
| ئەکادیمی و زانستی | 2.34 | 22.35 | | | | |
| کارگێڕی | 2.23 | 22.31 | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەرشیفكردن | 1.24 | 17.92 | | | | |
| زمان | 1.21 | 17.32 | | | | |
| ڕێبازنامە (میتۆدنامە) | 2.33 | 23.36 | | | | |
| خوودی | 2.34 | 18.49 | | | | |
| دابوونەریت | 1.19 | 18.23 | | | | |
| سەرپەرشتیار | 1.23 | 19.43 | | | | |
| بەربەستەكان | 2.37 | 23.67 | | | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەكەوێت،كە بەهای (F) ئەژماركراو كە دەكاتە (118.99) گەورەترە لە بەهای (F) خشتەی(4) لە ئاستی ئاماژەی ئاماری (0، 05) بەنمرەی ئازادی (2-174) هەروەها بە بەهای (2R) یەكسانە بە (0.931) یەكسانە بە (0.931)، بە ئەو واتایەی كە خەریەك لە تەوەرەكانی فۆرمی ڕاپێویەكە تەوەرەكانی كە بەربەستەكانی بەردەم توێژەر ڕەنگدەداتەوەلە توێژینەوە زانستیەكانیاندا.

خشتەی (5) پەیوەندی هەر تەوەرێک بەنمرەی گشتیەوە

| تەوەرەكان | ژ.بڕگە | هاوكۆلكەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری | بەهای هاوكۆلكەی پێرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| ئابووری | 3 | 0.589** | 0.00 | نـاوەند1 |
| سیاسی | 1 | 0.428** | 0.00 | نزمە |
| ئاینی | 1 | 0.488** | 0.00 | نزمە |
| ئەكادیمی و زانستیی | 15 | 0.784** | 0.00 | بــەرز |
| كارگێڕی | 16 | 0.589** | 0.00 | ناوەند |
| ئەرشیفكردن | 3 | 0.828** | 0.00 | بەرزە |
| زمان | 3 | 0.518** | 0.00 | ناوەند |
| ڕێبازنامە(میتۆدنامە) | 12 | 0.686** | 0.00 | ناوەند |
| خوودی | 10 | 0.551** | 0.00 | ناوەند |
| دابوونەریت | 3 | 0.320** | 0.00 | نزمە |
| سەرپەرشتیار | 4 | 0.631** | 0.00 | ناوەند |
| بەربەستەكان | 11 | 0.532** | 0.00 | ناوەند |

لەخشتەی سەرەوەدا ئەوە دەردەكەوێت، كە بەهای هاوكۆلكەی پەیوەستبوونی پێرسۆن لەنێوان هەر تەوەرێك‌و نمرەی گشتی لەئاستی ئاماژەی ئاماری (0.01)؛ لەنێوان (0.828-0.428)دایە‌و گەورەترە لەبەهای خشتەی هاوكۆلكەی پێرسۆن كە (0.208)ە، كە ئاماژەیە بۆ گونجانی تەوەرەكانی فۆرمەكەو نمرەی گشتی،هەروەها ڕەنگدانەوەی نمرەیەكی بەرزی راستیە لەنێوان بڕگەكانی فۆرمەكەدا.

[1] ( ئەگەر هاوكۆلكەی پێرسیۆن لەنێوان (0.00 بۆ كەمتر لە 0.30)دا بێت، بەهاكەی زۆر نزمە، ئەگەر لەنێوان Hinkle and Others, 1979 بەپێـی پۆلێنی ) (0.30 بۆ كەمتر لە 0.50)دا بێت، ئەوا بەهاكەی نزمە، ئەگەر لەنێوان (0.50 بۆ كەمتر لە 0.70)دا بێت، ئەوا بەهاكەی ناوەند-ە، ئەگەر لەنێوان (0.70 بۆ كەمتر لە 0.90)دا بێت،ئەوا بەهاكەی بەرزە، گەر لەنێوان (0.90 بۆ كەمتر لە 1.00)دا بێت، ئەوا بەهاكەی زۆر بەرزە.(النجار،203:2015)

خشتەی (6)

| ژ | برگە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئابوری | 4، 492611 | 1، 077995 | بەرز | 11 |
| 2 | سیاسی | 22.7488 | 2.68493 | بەرز | 2 |
| 3 | ئاینی | 1، 433645 | 5.28340 | لاواز | 12 |
| 4 | ئەکادیمیی و زانستیی | 22، 748768 | 2، 684930 | بەرز | 3 |
| 5 | کارگێڕی | 24.4828 | 5.28340 | بەرز | 1 |
| 6 | ئەرشیفکردن | 4.5665 | 1.86931 | بەرز | 10 |
| 7 | زمان | 4.6256 | 2.02893 | بەرز | 8 |
| 8 | ڕێبازنامە (میتۆدنامە) | 18.1330 | 5.01947 | بەرز | 4 |
| 9 | خوودی | 15.3399 | 3.76378 | بەرز | 6 |
| 10 | دابوونەریت | 4.5911 | 1.55917 | بەرز | 9 |
| 11 | سەرپەرشتیار | 5، 935961 | 1، 582965 | بەرز | 7 |
| 12 | بەربەستەکان | 16.8621 | 4.31790 | بەرز | 5 |

1- 1.66 لاواز 1.67 – 2.32 ناوەند 2.33 – 3 بەرز

لەخشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە بەهای ناوەندە ژمێری ولادانی پێوەری لە نێوان هەر تەوەرێك لە ڕووی ئاستەوە ئاستی تەوەری ئاینی لە هەمووی لاوازترەو، ئاستی تەوەری خوودی ناوەندیە، ئاستی تەوەری ئاینی لە هەموویان نزمترە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گونجانی تەوەرەکانی فۆڕمەکەو نمرەی گشتی، هەروەها ڕەنگدانەوەی نمرەیەکی بەرز لە نێوان برگەکانی فۆڕمەکە.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشتووە,لە میانەی ئەم توێژینەوە زانستیەدا بریتیە لەئەمانەی لای خوارەوە:

1. سەبارەت بە کردنەوەی بنکەی توێژینەوەی زانستی وخانەی وەرگێڕان تایبەت بە توێژەرانی بەرایی زۆربەی توێژەران بە ڕێژەی((66.0%لەگەڵ ئەوەدان کە بکرێت.
2. بە ڕێژەی((55.2% توێژەران لەگەڵ ئەوەدان کە خوێندنی بابەتی توێژینەوەی زانستی لە دوو کۆرسی خوێندن لەگەڵ زیادکردنی یەکە وکاتژمێرەکانی وانە گوتنەوەی.
3. زۆربەی توێژەران بە ڕێژەی((57.6%جەختیانکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە سەرپەرەشتیارەکایان پێشێلکاری(دەرونی,جەستەی,دیجیتاڵی,یاسایی..هتد) بەرامبە کردووە وەکو توێژەێك.
4. سەبارەت بە هۆگربوونی توێژەر بۆ ئاینەکەی کە زۆربەی توێژەران بە ڕێژەی((64.5%جەختیانکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە وەها کردووەکە ئەو توێژەرە نەتوانێت بەلای هەندێك لایەن بڕوات کە پێویست بوو بابەتیانە کاری لەسەر بکات.
5. توێژەران ئەوەیان پشت ڕاستکردووەتەوە بە ڕێژەی کە دووچاری قەرزی ماددی بوونەتەوە بەهۆیی ئەنجامدانی توێژینەوەیی دەرچوونیان.
6. لەبارەی نەبوونی ناوەندی وەرگێڕان,زۆربەی زۆری توێژەران بەڕێژەی(64.5%) جەختیانکردوەتەوە لەسەر ئەوە کە هیچ ناوەندێکی تایبەت بۆ وەرگێڕانی سەرچاوە زانستیەکان بوونی نیە.
7. زۆری توێژەران بەڕێژەی(54.7%) جەختیانکردوەتەوە لەسەر ئەوە کە هۆشیاری زانستی پێویست لەنێو دامودەزگاکان سەبارەت بەگرنگی توێژینەوەی زانستی نیە.
8. سەبارەت بە تێگەیشتن لە وانەی توێژینەوەی زانستی, توێژەران بەڕێژەی((51.7%جەختیان کردووەتەوە لە ئەوەی کە بەباشی لە ناوەڕۆکی وانەی توێژینەوەی زانستی تێنەدەگەیشت

9. ڕێژەی(64.5%) توێژەران ئەوەیان پشت ڕاستكردەوە كە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسییەوە دوچاری وەڵامنەدانەوەی پرسیارەكانی توێژینەوەكەیان بوونەتەوە.

## پێشنیار

توێژەر,لەمیانەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستیەدا,ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە دەكات كە بریتیە لە:

1.پێویستە یاسای تایبەتمەند(المتخصص)دابنرێت بۆ"ماف وئەركی توێژەر"كە تێیدا بە ووردی مافەكانی توێژەر و ئەركەكانی دیاری كرابێت لە ناو دەقە یاسایەكەدا.

2.پێویستە دادگای تایبەتمەند(المتخصص) دابنرێت,بۆ یەكلایكردنەوەی دۆز(كەیس)ی توێژەر,بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو دادگا تایبەتمەندەوە توێژەرەكە بگات بە ئەو پەڕی بڕیارێكی دادپەروەرانە,بۆ دۆز(كەیس)ەكەی.

3.پێویستە هێڵێكی گەرمی"فریاكەوتن بۆ توێژەران"دابنرێت,بۆ سەرجەم توێژەرەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی ئەو توێژەرانە لە بارودۆخە نەخوازراوەكاندا پەیوەندی پێوەبكەن.

4.پێویستە وانەی "توێژینەوەی زانستی" بخوێندنی هەر لە قۆناغی یەكەوە,لە هەردوو كۆرسەكەدا و بە شێوەی كردەنینامەو زانیارینامەی.

5.ئەگەر هاتوو لەلایەن بەش و كۆلێج وزانكۆ,پسپۆڕی تایبەتمەندی"توێژینەوەی زانستی"نەبوو بۆ وتنەوەی وانەی توێژینەوەی زانستی,ئەوە پێویستە ئەو پسپۆڕە لە دەرەوەی زانكۆ كە بهێنرێت.

6.پێویستە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیوە بڕیاردەربكرێت,كە وانەی "ئاكاری توێژەر و توێژینەوەی زانستی"بكرێت بە وانەیەكی سەرەكی لە سەرجەم بەشەكان و هەر لەر قۆناغی بەكەوە بخوێنرێت.

7.پێویستە لەلایەن ناوەندە ئەكادیمیەكانەوە هەموو توێژینەوەیەكی زانستی كە ئەنجامدەدرێت,ئەرشیف بكرێت بە شێوەی(ئەلیكترۆنی وچاپكراو).

8.پێویستە هەموو ناوەندە ئەكادیمیەكان ناوەندێكی وەرگێڕان بكەنەوە لە نێو زانكۆكەیاندا,بۆ وەرگێڕانی

## 4- لیستی سەرچاوەكان

### یەكەم:فەرهەنگ

-عەبدول,جەمال,(2006)فەرهەنگی ڕاگەیاندن,دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم,سلێمانی,هەرێمی كوردستان.

### دووەم : پەرتوك بە زمانی عەرەبی

-أبو علاء، الخلاص (2005)، الباحث الناجح، دار للنشر والتوزيع وصلت، الرياض، السعودية.
-أحمد، فاخر (2006)، الباحث و البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع وصار، الرياض، السعودية.
-أسماعيل، عبدالفتاح (2015)، تصميم الصدق في البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع علم، الاردن، عمان.
-بيسام، أحمد (2009)، أهمية الباحث للمجتمع، دار للنشر والتوزيع شمين، الرباط، المغرب.
-جابر، عبدالرحمن (2009)، الباحث و البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع جودت، الرباط، المغرب.
-جاسم، عبدالفتاح، (2004)، المصادر و مشكلة البحث، دار للنشر والتوزيع فجر، الرياض، السعودية.
-حافظ، أحمد (2017)، كيف أختيار عينة البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع كون، الاردن، عمان.
-حسن، فلاح (2014)، أنواع الكتاب الاكاديمية في المجتمع، دار للنشر والتوزيع كتاب، بيروت، لبنان.
-حسين، غفور (2005)، طرق ومناهج عامة للبحث العلمي، دار للنشر والتوزيع كوكب أبة ظبي، الامارات.
-خليل، عبدالمجيد (2004)، المنهج التاريخي البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع وقف، القاهرة، مصر.
-رشيد، محمد (2017)، مناهج البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع شرق، الدوحة، قطر.
-رعد، حسن (2003)، أهمية الكتابة الاكاديمية، دار للنشر والتوزيع غار، الاردن، عمان.
-الزنابي، صابر (2000)، الباحث والبحث، دار للنشر والتوزيع الشرق، الرياض، السعودية.
-سعد، محمد (2013)، كيف تكتب الكتابة الاكاديمية، دار للنشر والتوزيع كيف، الرياض، السعودية.
-شوكر، فاخر (2016)، أهمية الثبات في البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع ياسر، طرابلس، ليبيا.
-طاير، محمد (2023)، البحث العلمي في الاعلام، دار للنشر والتوزيع كوكب، القدس، فلسطين.
-طها، أحمد (2012)، تاثيرات الصعوبات، دار للنشر والتوزيع فرست، دمشق، سوريا.
-عامر، صمد (2002)، خطوات البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع نوح، الاردن، عمان.
-عامر، محمد (2000)، مناهج البحث الاعلامي، دار للنشر والتوزيع لطيف، صنعاء، اليمن.
-عباس، سامي (2022)، فرضيات البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع صارون، الدوحة، قطر.

-عبدالعزيز، غفور (2005)، المنهج العلمي و تطبيقاته في العلوم الاجتماعي، دار للنشر والتوزيع شباب، دمشق، سوريا.
-عبدالمليك، أحمد (2001)، صياغة الكتابة الاكاديمية، دار للنشر والتوزيع لحن، الرباط، المغرب.
-العبسي، أحمد (2011)، كيف تكتب البحث العلمي جيد، دار للنشر والتوزيع هوياء، القاهرة، مصر.
-عبيدو، علي (2012)، الباحث والبحث العلمي، دار للنشر والتوزيع كعب، الرياض، السعودية.
-عقيل، عبدالعزيز (2011) الباحث، دار للنشر والتوزيع وجود، الرياض، السعودية.
-عيسا، محمد (2009)، خصائص الباحث، دار للنشر والتوزيع صباح، الرياض، السعودية.
-غازي، محمد (2017)، مفهوم المنهج العلمي، دار للنشر والتوزيع توليد، القدس، فلسطين.
-فيض الله، خليل (2020)، أساسيات البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع الشمس، دمشق، سوريا.
-الكبسي، غفور (2002)، الباحث و البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع فجر، الرباط، المغرب.
-ماجد، محمد (2003)، مناهج البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع وكان، القدس، فلسطين.
-ماهر، أبراهيم (2004)، تصميم الثبات البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع أباث، طرابلس، ليبيا.
-محمود، جعفر (2008)، الباحث واخلاقيتها، دار للنشر والتوزيع صباح، الرياض، السعودية.
-محمود، عبدالمجيد (2020)، مبادي أخلاقيات البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع أنسان، طرابلس، ليبيا.
-مروان، أحمد (2003)، فلسفة مناهج البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع وقف، الاردن، عمان.
-المشاقيه، موفق (2010)، الباحث الجيد، دار للنشر والتوزيع فخر، الرباط، المغرب.
-المشهدان، حسين (2003)، مخاطر البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع تبارك، القاهرة، مصر.
-نجف، صابر (2023)، الباحث و شخصيتها، دار للنشر والتوزيع مرجان، بيروت، لبنان.
-نديم، فاخر (2005)، وسائل الباحث، دار للنشر والتوزيع تكبير، الرياض، السعودية
-هاشم، أبراهيم (2006)، تصميم الكتابة الاكاديمية، دار للنشر والتوزيع شخار، الرياض، السعودية.
-وجية، هيلال (2012)، خصائص البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع وقف، القاهرة، مصر.
-وهاب، أسماعيل (2000)، وسائل البحث العلمي، دار للنشر والتوزيع قدر، دمشق، سوريا.
-يونس، صابر (2008)، أخلاقيات الباحث، دار للنشر والتوزيع بدل، الرباط، المغرب

**المعوقات التي تواجه الباحثين وانعكاسات البحث العلمي في الأقسام الإعلامية في جامعات إقليم كردستان**

**رۆژان محمد رشيد**
قسم الاعلام – كولية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية
Rozhanhavall.rashid@gmail.com

**فوئاد علي احمد**
قسم الاعلام – كولية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية
Fuad.ahmad@univsul.edu.iq

**ملخص**

موضوع هذا البحث هو (المعوقات التي تواجه الباحثين وانعكاسها في البحث العلمي لقسم الاعلام في جامعات اقليم كوردستان).ص انعكست في بحث السنة الرابعة من البكالوريوس في الاعلام المسائي وهدف البحث هو تحديد حجم المعوقات المختلفة التي تواجه الباحثة الرابعة بكالوريوس اعلام صباحي ومسائي جامعة السليمانية وجامعة صلاح الدين ولهذا البحث عدة مضامين للدراسات الاعلامية والاكاديمية اهمها (لمس جرح آخر من جرح الجسد)من أكاديمية الإعلام الكردي لإيجاد حل، بمعنى آخر تحديد المشاكل والاقتراحات العلمية لحل المشكلة(

يضم مجتمع البحث باحثين من أقسام الإعلام الصباحي والمسائي في جامعة إقليم كوردستان للعام الدراسي (2022-2023) وهي مرآة البحث، وأهم الاستنتاج الذي توصل إليه الباحث هو أن الأمور الاقتصادية والأكاديمية والزمنية تنعكس القيود بشكل كامل في البحث.

**الكلمات المفتاحية**: عقبات، باحثون، تأملات، بحث علمي

**Obstacles Facing Researchers and Reflections on Scientific Research in the Media Departments of Universities in the Region Kurdistan**

**Rozhan Muhammad Rashid**
Department of media - College of humanities- sulaemanya University
**Rozhanhavall.rashid@gmail.com**

**Fuad Ali Ahmed**
Department of media - College of humanities- sulaemanya University
**Fuad.ahmad@univsul.edu.iq**

**Abstract**

The topic of this research is (obstacles facing researchers and their reflection in scientific research of the Department of Media of Kurdistan Regional Universities). r reflected in the research of the fourth year of the bachelor's degree in the evening media and The aim of the research is to determine the amount of various obstacles facing the researcher Fourth Bachelor's Degree in Morning and Evening Media, Sulaimani University and Salahaddin University This research has several implications for media and academic studies, the most important of which is (touch on another wound of the body of the Kurdish Media Academy to find a solution, in other words, identifying problems and Scientific suggestions to solve the problem)The research community includes researchers from the morning and evening media departments of the Kurdistan Regional University for the academic year (2022-2023). It is the mirror of the research, the most important conclusion that the researcher's understanding is that economic, academic and time constraints are fully reflected in the research

**Keywords :** Obstacles ،researchers ،reflections ،scientific research